# رۆڵی ژنە رۆژنامەنووسەکان لەمیدیای کوردیدا- توێژینەوەیەکی مێژووییە لەبارەی ژنە رۆژنامەنووسەکانی هەولێر

**ID No. 377**

(PP 68 - 94)

https://doi.org/10.21271/zjhs.26.6.5

**سامان جەلال مەولود**

بەشی راگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

Saman.mawlood@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2022/06/22**

**پەسندکردن : 2022/07/25**

**بڵاوکردنەوە : 2022/12/25**

**پوختە**

ئەم لێکۆلینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (رۆڵی ژنە رۆژنامەنووسەکان لەمیدیای کوردیدا- توێژینەوەیەکی مێژووییە لەبارەی ژنە رۆژنامەنووسەکانی هەولێر)، کە رووناکی دەخاتە سەر لایەنە شاراوەکانی قەڵەمی ئافرەتان و رۆڵی ژنانی میدیاکارو رۆژنامەنووس لەمێژووی میدیای کوردی لە سنووری پارێزگای هەولێر. یەکێک لە هۆکارەکان تا ئێستا قەڵەمی ژن و ژنی رۆژنامەنووس لە میدیای کوردی جیانەکراوەتەوە، هەروەها ئافرەتە میدیاکارەکانی مێژووی میدیای کوردی لەهەولێر، بەدیاریکراوی فۆکەسیان نەخراوەتەسەر.

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی مێژووییەو میتۆدی وەسفی تێدا بەکارهاتووە. گرنگی ئەم توێژینەوەیە بۆ میدیاکاران و ناوەندە ئەکادیمییەکانی میدیایە، هەروەها بۆ راستکردنەوەی مێژووی میدیاو رۆژنامەنووسی ژنانی کوردە لە سنووری پارێزگای هەولێر. لەدەرئەنجامی ئەو توێژینەوەیە دەگەینە راستی و دروستی، بوونی یەکەمین ژنە رۆژنامەنووسی هەولێرو کۆی تەواوی ژنە رۆژنامەنووس و میدیاکارانی ژن لەهەولێر، بەتایبەتی لە دەرکەوتنی یەکەمین بڵاوکراوەی کوردی لەپارێزگای هەولێر تاوەکو ساڵی ١٩٩١، هەروەها دەگەینە ئەو راستییەی کە ژنی رۆژنامەنووس لەباشووری کوردستان، بەر لە شارەکانی تری باشووری کوردستان، لەسنووری پارێزگای هەولێر دەرکەوتوونە.

**کلیلی وشەکان:-** میدیاکاری ژن، ژنانی رۆژنامەنووسی هەولێر، میدیای کوردی هەولێر.

## پێشەکی :

رۆژنامەوانی و کاری میدیایی، وەک پیشەو رێگەو دەروازەیەکی گرنگ، بۆ بواری ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، لەهەموو شوێنێک و لەهەموو سیستەمێک و لای هەموو نەتەوەو ئایدیاو گروپ و چین و توێژێک، گرنگی خۆی هەیە. ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی:- رۆڵی ژنە رۆژنامەنووسەکان لەمیدیای کوردیدا - توێژینەوەیەکی مێژووییە لەبارەی ژنە رۆژنامەنووسەکانی هەولێر، کەوا میتۆدی وەسفی تێدا بەکارهاتووە. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە بەشداری ژنان لەکاری میدیادا وەکو میدیاکار لەباشووری کوردستان، گەر بێت و بەوڵاتانی تری دونیا بەراوردی بکەین، ئەوا ئەزموونێکی نوێیە. چ بەهۆی باکگراوندە سیاسی و مێژووییەکەی کوردو چەوسانەوەی کورد وەکو نەتەوەیەک. هەروەها نەبوونی میدیایەکی ئاشکراو سەربەخۆو ئازاد لەشارو شارۆچکەکانی کوردستان، لەو مێژووەدا، نەوەک بۆ ئافرەت بگرە بۆ رۆژنامەنووسی پیاو کارێکی ئاسان نەبووە، بۆیە بۆ ئافرەتان، پیشەیەکی قورس و پڕ لەهەورازو نشێو بووە.

لەدوای راپەرینی ١٩٩١، بەهۆی زیادبوونی کەناڵەکانی میدیا، وورده وورده ژن لەنێو میدیادا دەرکەوتن، ئەگەرچی لەسەرەتادا ئەو رۆڵە سەرەکییەیان نەبووە، بەڵام تا هاتووە ژن لەنێو کەناڵەکانی میدیا رۆڵ و پێگەی بەهێزی نواندوە، بەتایبەتی لە سنووری پارێزگای هەولێر. بەهۆی زیاتری ژمارەی رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەکان، بە بەراورد بە شارەکانی تری باشووری کوردستان، لەسەرەتادا هەر تەنها نووسەرو قەڵەمی ژن لە پارێزگای هەولێر دەرنەکەوتوون، بەڵکو رۆژنامەنووسی ژن، دەرکەوتوون و بوونیان هەبووە، بەواتای لەرووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە.

لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ی پرۆسەی ئازادی عێراق، هەڵکشانێکی گەورە بەتایبەتی لەرووی چەندایەتیەوە لە میدیای کوردی و لە ژمارەی رۆژنامەوانانی کورد دەرکەوت، بەتایبەتی لە سنووری پارێزگای هەولێر، بەحکومی ئەوەی هەولێر وەک پایتەخت و چەقە هێزی گۆڕانکارییە سیاسی و دبلۆماسی و ئابورییەکان بووە. کرانەوەیەکی زۆر بەکۆی میدیا لەهەرێم و ناوچەکەدا دەرکەوت، بۆیە

ئافرەتان لەهەموو بوارەکان، لەبواری سیاسی و ئابووری، بازرگانی و رۆژنامەوانی و بەشداری سێکتەرە جیاوازەکان زیاتر دەرکەوتن و باشتر هاتنەپێشەوە. لەنێو کەناڵەکانی میدیا، سەرباری گرفتی زۆرو ئاستەنگی گەلێک، بەڵام تا هاتووە، دەرکەوتنی ئافرەتان زێدەتر بووە، بۆیە لەرووی چەندێتی و چۆنێتییەوە، ژنان لەنێو کەناڵەکانی میدیا، وەک بێژەر، پەیامنێر، هەواڵساز، ئامادەکار، تەکنیکار، نووسەرو شیکەرەوەی سیاسی و ئابووریناس و بەرێوەبەری کەناڵەکان و بەرپرسی بەشەکان لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و رادیۆو رۆژنامەو گۆڤارەکان...هتد، دەرکەوتن.

لەم توێژینەوەیەدا بۆ دەستکەوتنی زانیارییەکان، میتۆدی وەسفی بەکارهاتووە. هەروەها ئەم توێژینەوەیە لەسێ بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا، چوارچێوەی توێژینەوەکەیە، کەوا کێشەو گرنگی و میتۆدی توێژینەوەکەو ئاستەنگییەکان و سنووری توێژینەوەکە دەخرێتەروو. بەشی دووەم، باس لە ژنە رۆژنامەنووسەکانی کورد لەمێژوودا دەکات. لە بەشی سێیەمدا، باس لەژنە رۆژنامەنووسەکانی هەولێر، دەکرێت.

لەدەرئەنجامی ئەو توێژینەوەیەدا، دەگەینە راستی و دروستی، بوونی یەکەمین ژنە رۆژنامەنووسی هەولێرو کۆی تەواوی ژنە رۆژنامەنووس و میدیاکارانی ژن لەهەولێر، بەتایبەتی لە دەرکەوتنی یەکەمین بڵاوکراوەی کوردی لەپارێزگای هەولێر تاوەکو ساڵی ١٩٩١. هەروەها دەگەینە ئەو راستییەی کە ژنی رۆژنامەنووس لەباشووری کوردستان، بۆیەکەمجار لەسنووری پارێزگای هەولێر دەرکەوتووە.

**١ : چوارچێوەی توێژینەوە**

**١:١: کێشەی توێژینەوە**

کێشەی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە تاوەکو ئێستا بەشداری قەڵەمی ژن لەگەڵ رۆژنامەنووسی ژن لە باشووری کوردستان لەیەکتر جیانەکراوەتەوە، چونکە رۆژنامەنووس دەکرێت لەمیدیادا وەک قەڵەم دەرکەوێت، بەڵام قەڵەمی ژنان رەنگە بەشیعر یاخود پەخشان یان بە وتارێک بێت، کەئەمانە ناکەونە نێوخانەی کاری رۆژنامەنووسی. هەروەها فەرهەنگی کوردی زیاتر مێژووی ژنە رۆژنامەنووسەکانی کوردی لەباشووری کوردستان بۆ بەشداری قەڵەمی ژنان گەڕاندۆتەوە، بۆ رۆژنامەی "ژیان" (١٩٢٦- ١٩٣٨)، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا سەرەتای دەرکەوتنی رۆژنامەنووسی ژن دەگەڕێتەوە لای ئەو ژنە رۆژنامەنووسانەی کەوا لە رۆژنامەی "هەولێر" لە ساڵی (١٩٥٠-١٩٥٣) لەشاری هەولێر دەرکەوتوون و کاریان رۆژنامەنووسیی بووە.

کێشەیەکی تری ئەم توێژینەوەیە، دۆزینەوەی ئەو لایەنە شاراوانەیە، لەبارەی ژنە رۆژنامەنووسەکانی کورد لە سنووری پارێزگای هەولێر، کەوا وەک رۆژنامەنووس تیشکیان نەخراوەتەسەر، بەڵکو وەک قەڵەمی ژن لە رۆژنامەوانی کوردیدا قسەو باسیان لێکراوە. هەروەها ژنانی رۆژنامەنووس لە دەڤەری هەولێردا، لەنێو سەرچاوە کوردی و ئەکادیمی و زانستییەکان، کەمترین رووبەریان بۆ تەرخانکراوە.

**١: ٢: گرنگی توێژینەوە**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە بۆ کۆمەڵ و بۆ گۆڕەپانی فەرهەنگ و رۆشنبیری کوردی، راستکردنەوەی مێژوویی میدیای کوردییە، تاوەکو خوێنەران و رۆشنبیران، بەشێوەیەکی دروست لەراستییە زانستییەکان تێبگەن. ئەم توێژینەوەیە بۆ ناوەندە ئەکادیمییەکان و میدیاکاران و رۆژنامەنووسانی هەولێرو باشووری کوردستان گرنگە کەوا بەو راستیانە بگەن، تاوەکو لەوێوە کار بۆ گەشەو بەرەوپێشچوونی میدیاو میدیاکارانی ژن لە سنووری پارێزگای هەولێر بکرێت. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، ژن لەنێو میدیای کوردیدا، ئەزموونێکی نوێیە، چ بەهۆی باکگراوندە سیاسی و مێژوویەکەی کوردو چەوسانەوەی کورد وەکو نەتەوەیەک. هەروەها نەبوونی میدیایەکی ئاشکراو ئازاد لەشارو شارۆچکەکانی کوردستان، لەوکاتانەدا، نەوەک بۆ ئافرەت بگرە بۆ رۆژنامەنووسی پیاو کارێکی ئاسان نەبووە، بۆیە بۆ ئافرەتان، پیشەیەکی قورستر بووە. لەم توێژینەوەیەدا ژنە رۆژنامەنووسەکانی هەولێر، تیشکی زیاتریان دەخرێتەسەر، زیاتر لایەنە دیارو شارەوەکانیان دەردەخرێت. هەروەها گرنگی میدیایی ئەم توێژینەوەیە، بۆ راستکردنەوەی هەڵە مێژوویی و تێڕوانینە مێژووییەکانە، بەتایبەتی لەبواری بەشداری ژنانی رۆژنامەنووس لە میدیای کوردیدا.

**١: ٣: سنووری توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە، سنووری باشووری کوردستان و هەروەها ژنە رۆژنامەنووسەکانی سنووری پارێزگای هەولێر دەگرێتەوە.

**١: ٤: ڕێبازی توێژینەوە**

بۆ گەیشتن بەزانیارییە زانستی و مێژوویی و ئەكادیمییەكان، ڕێبازی وەسفی لەم توێژینەوەدا بەكارهاتووە، كە بەشێوەیەكی زانستی هەوڵدراوە، فۆكەس لە سەر ڕۆڵی ژنانی ڕۆژنامەنووس و قەڵەمەكانی ژن لە سنووری پارێزگای هەولێر، لە كەناڵەكانی میدیا، لە سەرەتاوە تاوەكو ساڵی ١٩٩١ بەتایبەتی و تاوەكو ئێستا بەگشتی بكرێت.

**١: ٥: ئاستەنگەكانی توێژینەوە**

ئەو ئاستەنگانەی كەوا لەم توێژینەوەیەدا هاتوونەتەپێش بریتین لە هەموو ئەو سەرچاوانەی كەلەبەردەستدان لەبارەی ژنانی كورد لە ڕۆژنامەوانی و میدیای كوردیدا، جیاوازی لەنێوان ووتارنووس و ئەدیب و ڕۆژنامەنووس نەكراوە. هەروەها لەبارەی ژنانی ڕۆژنامەنووس لە مێژووی میدیای كوردی لە سنووری پارێزگای هەولێر، كەمترین زانیاری و سەرچاوە لەبەردەستدان.

**١: ٦: بەشەكانی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە لەسێ بەش پێكهاتووە، بەشی یەكەم، چوارچێوەی توێژینەوەكەیە، كەوا كێشەو گرنگی و میتۆدی توێژینەوەكەو ئاستەنگییەكان و سنووری توێژینەوەكە دەخاتەروو. بەشی دووەم، باس لە ژنە ڕۆژنامەنووسەكانی كورد لەمێژوودا دەكات. لە بەشی سێیەمدا، باس لەژنە ڕۆژنامەنووسەكانی هەولێر، دەكرێت.

**٢: ڕۆڵی ژنە ڕۆژنامەنووسەكان لەمیدیای كوردیدا**

**٢: ٢: ڕۆڵی ژنە ڕۆژنامەنووسەكان لە ڕۆژنامە و گۆڤارو بڵاوكراوە كوردییەكاندا**

هەندێک سەرچاوە ئاماژە بەوە دەكەن كەوا دەركەوتنی یەكەمین قەڵەمی ژن لە ڕۆژنامەگەری كوردیدا، گوزیدە عەزیز بووە، كە بەڕێوەبەری قوتابخانەی كچان بووە لەشاری سلێمانی، كە لەڕێكەوتی ٢٢ی نیسانی ١٩٢٦ لەڕۆژنامەی "ژیان" بابەتێكی بەناونیشانی (ژن و تەئسیراتی لە حەیاتی مەدەنیدا) بڵاوكردۆتەوە. (زەنگەنە، ٢٠٠٢، ل٦٦-٦٧).

بەڵام دوای سەرهەڵدانی چل ساڵ لە مێژووی دەركەوتنی ڕۆژنامەی كوردی، ڕۆژنامەی "كوردستان"، وەک ڕۆژنامەوانی ژن و ڕەگەزی مێینە لەنێو كوردا، (ڕەوشەن بەدرخان ١٩٠٩- ١٩٩٢) دەبێتە یەكەم ژنە ڕۆژنامەنووسی كورد، كە لەگۆڤاری "هاوار"دا هاوكارێكی گەورەو بەردەوامی میر (جەلادەت بەدرخان)ی هاوسەری بووە، نەوەک هەر تەنها وەک قەڵەمی ژن دەركەوتووە، كە چەندین ووتاری وەک (كابان و مامۆستا و ژن و بەختیاری..هتد) بڵاوكردۆتەوە، بەڵكو ڕۆڵی لەبەڕێوەبردن و هەماهەنگی دەركردنی گۆڤاری "هاوار" هەبووە. (ڕەوشەن بەدرخان، ١٩٤١، ل٧١٦)، (بەدرخان، ١٩٤١، ل٦٩١).

هەروەها وەک ژن لەبواری میدیادا، هەندێک سەرچاوە ئاماژە بەوە دەكەن كە (ڕەحمە خانی) كچی پیرەمێردی شاعیر، دوای مردنی باوكی لەساڵی ١٩٤٥ خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەی "ژین"ی وەرگرتووە (ئەبوبەكر، ٢٠٠٧، ٢٣٨).

بەڵام هیوا فریادڕەس، لە كتێبی ژن لە ڕۆژنامەگەریی كوردیدا دەڵێت:- "دەركەوتنی ناوی ژن لەكایەی ڕۆژنامەگەری كوردیدا، بەنزیكەی سی ساڵ دوای دەرچوونی یەكەم ڕۆژنامەی كوردی دێت و دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی بیستەكانی سەدەی بیستەم. لەهەردوو ڕۆژنامەی "ژیان" و "ژین"دا، ناوی كچانە بەرچاو دەكەوێت كە نووسەری بابەتەكان كچ نەبوون، بەڵكو پیاو بوونە كە ئەمە هاندانێک بووە بۆ كچان و ژنان و ڕاكێشانیان بۆ مەیدانی نووسین". هەروەها دەڵێت:- "چ پیرەمێردو چ هەندێ لەنووسەرانی ئەو سەردەمە، چەندین بابەتیان بەناوی كچانەوە نووسیوە كە خوازراو بێت یان بەناوی كچەكانی خۆیان نووسیویانن". ئافرەتی كورد، دەركەوتنی وەک ڕۆژنامەنووس زیاتر لەدوای پەنجاكانی سەدەی ڕابردوو بووە. ئەگەرچی زۆرجار بەناوی نهێنی و ناوی خوازراو، بابەتەكانیان بڵاودەكردەوە، بەڵام كەم تا زۆر لەنێو لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەكاندا دەردەكەوتن. (فریاد، ٢٠١٢،ل٢٤، ٥٩).

لەچلەكانی سەدەی ڕابردوو، لە گۆڤاری "گەلاوێژ" قەڵەمی ئافرەت دەركەوتووە. لە ژمارە (٤)ی ساڵی سێیەمی دەرچوونی گۆڤاری "گەلاوێژ" لەساڵی ١٩٤١ وتارێک بەناوی (هیوا) بەقەڵەمی كچە كوردێک (ل. ن) بڵاوكراوەتەوە. هەروەها لە ژمارە (٧،٨)ی ئەم گۆڤارەدا نووسینێكی ئەدەبی لەلایەن (پەروین) ناوێک لەساڵی ١٩٤٢ بڵاوكراوەتەوە. دواتر لە ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٤٤، ناهیدە شێخ سەلام بەناوی (كچە كورد: ن.س) وتارێكی لە گۆڤاری "گەلاوێژ" بەناوی (دڵسۆزی و ڕاستی) لە شێوەی پەخشانێكی ئەدەبی بڵاوكردۆتەوە. پاشان لە ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٤٤ وتارێكی تری بەناوی (بەزەیی هەژار بەهەژاردا) بڵاوكردۆتەوە. (كاكەسوور، ٢٠٠٤، ل٧٨-٧٩).

لەپەنجاکانی سەدەی رابردو، چەندین نووسین بەناوی ئافرەتانی کورد لە رۆژنامەو بڵاوکراوەکاندا دەرکەوتوون، لەوانە (زەکیە ئیسماعیل حەقی شاوەیس[1])، لە رۆژنامەی "الحضارة"، کە بەزمانی عەرەبی دەرچووە، کەوا بەرپرسی ئەو رۆژنامەیە بووە. (غەمبار، ٢٠٠١، ل١٣٥).

لەدوای شۆرشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨، بەگشتی بۆ میدیای کوردی و رۆژنامەنووسی کورد، دەرفەتێکی گونجاو دروست بوو، چەندین گۆڤارو بڵاوکراوەو رۆژنامە دەرکەوتن، لەوانە گۆڤاری "هیوا"، رۆژنامەی "خەبات"، گۆڤاری "رۆژی نوێ". لە گۆڤاری "هیوا"دا ناوی چەند ئافرەتێک دەبیندرا، کەوا شیعرو ووتاریان تێدا بڵاودەکردەوە، وەک:- پاکیزە رەفیق حلمی، رۆناک، نەسرین فەخری، عالیە عەبدولکەریم، میدیا، ژوان، پەخشان، سەبیحە عەبدولحەمید، کچە کورد، پرشنگ.

دوای رێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠، قۆناغێکی تر لە مێژووی میدیای کوردی دەست پێدەکات و رۆژنامە و گوڤارو بڵاوکراوەی کوردی زۆر دەردەکەون، لەوانە:- رۆژنامەی "هاوکاری"، رۆژنامەی "برایەتی". لەنێو ئەو رۆژنامە و گۆڤارو بڵاوکراوانەدا، ژمارەیەک ناوی ئافرەتانی کورد وەک نووسەرو شاعیر دەردەکەوتن، لەوانە:- سامیە چاوشلی، پەخشان زەنگەنە، بەدیعە مەحوی، ئەحلام مەنسوور، کوردستان موکریانی، شیرین ک، دایکی سۆڵاڤ..هتد. (کاکەسوور، ٢٠٠٤، ل٧٩، ٨١).

**٢: ٣: رۆڵی ئافرەتە رۆژنامەنووسەکان لە نێو ئێستگە کوردییەکاندا**

بێگومان هەر لەگەڵ دەرکەوتنی قۆناغی یەکەمی، یەکەمین رادیۆی کوردی (یەریڤان ١٩٢٣- ١٩٢٩) و رادیۆی کوردی بەغداد (١٩٣٦) و رادیۆی کوردی بەناوی (رادیۆی کوردستان) لە شاری یافای فەلەستین (١٩٤٢-١٩٤٦) لە (رادیۆی رۆژهەڵاتی نزیک). هەروەها رادیۆی کوردی لە کۆماری مەهاباد لە رێکەوتی ١٩٤٦/٤/٣٠ و رادیۆی کوردی لە تەهران و رادیۆی کوردی لە کرماشان و ئێستگەی کوردی لە قاهیرە ساڵی ١٩٥٧ و رادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق لە شۆرشی ئەیلول ساڵی ١٩٦١ و رادیۆی دەنگی گەڵی کوردستان لە شۆرشی نوێ ساڵی ١٩٧٦ ...هتد، لەنێو زۆرێک لەو ئێستگەو رادیۆیانەدا، دەنگی ژن و قەڵەمی ئافرەت دەرکەوتوون. ئافرەتان کەم تازۆر بەناوی خۆیان یاخود بەناوی خوازراو وەک گۆرانیبێژو کۆرسی سرودەکان و بێژەرو پێشکەشکاری بەرنامەکان دەردەکەوتن. وەکو دەنگە ناسراوەکانی (نەسرین شێروان و ئایشەشان و مریەم خان...هتد).

لەرادیۆی کوردی بەغداد (١٩٣٩- ١٩٥٨)، جگە لەدەنگی گۆرانیبێژەکان، لەسەرەتادا هیچ دەنگ و رۆڵی ژنی کورد، وەک بێژەرو وەرگێرو گوتاربێژ تێدا دەرنەدەکەوت، چونکە لەوکاتانەدا بێگومان ژنانی کورد ئەو مافەیان نەبووە، کە بتوانن ئازادانە هەستی خۆیان دەرببرن و هیواکانییان برەو پێبدەن، بۆیە بەگشتی ژنانی کورد لەوکاتانەدا کەمتر بەرەو ژینگەی رۆشنبیری و ئەدەب و هونەر دەچوون، مەگەر تاک و تەرا و بەدەگمەن نەبووبێت.

لەرادیۆی کوردی بەغداد، لەسەرەتادا، واتا لەساڵی ١٩٣٩ و سەرەتای چلەکان، دوو سترانبێژ هەبوون، بەناوی خوازراو (دایکی جەمال، کە لەسەر قەوان بەناوی شیرین خانم سترانی هەیە) و ئەوەی تر بەناوی (مریەم خان). دواتر لەساڵی ١٩٤٥ ژنی گۆرانی بێژ بۆ ئاهەنگی زیندو زیاتر هاتۆتە پێش، لەوانە (ئەڵماس محەمەد، فەوزیە محەمەد، نەسرین شێروان، لەیلا عەزیز، نازدارو ئەسمەر فەرهاد، خۆخێ مووساو ماریی مووسا، ئەختەر ساڵح، دۆتمام کە دیارە بەبادینی سترانی ووتوەو بە بنت عمی ناوی هاتووە، هەروەها ناوەکانی پەخشان و ژیان و گەلاوێژ، تێدا دەرکەوتوون).

لەشارەکانی کوردستان ئەوکاتانە زۆر ئافرەتی دەنگ خۆش هەبوون، لەبەر داب و نەریت رێگایان پێنەدراوە. بەڵام بۆ کاری گوتاربێژی و بێژەری و بەرنامەکانی رادیۆ، هەوڵدراوە ژن بێتە گۆڕەپانەکەوە، ئەگەرچی دیسان بۆ کچان و ژنانی کورد قورس بووە، کە لەوکاتانەدا بەدەیان کچی کورد لەکۆلێژەکانی بەغداو خانەی مامۆستایانی بەغدا هەبوون، بەڵام پیاوانی ناو رادیۆی بەغداد، بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ئافرەت لەرادیۆی کوردی بەغداد، هەوڵیاندەدا ژن و خوشک و کچانی خۆیان بهێنن. لەسەرەتادا لە ساڵی ١٩٥١، عبدالقادر قەززازی، کە بێژەرو وەرگێری رادیۆکە بووە، لوتفییە قەززازی خوشکی دەهێنێتە نێو رادیۆکەو دەبێتە یەکەم ژنی گوتاربێژ لەرادیۆی کوردی بەغداد، کە ئەوکاتە لەبەغدا خوێندکاری کۆلێژی ماف بووەو لە بەشی ئافرەتانی رادیۆکەدا کاریکردوە،

1 **زەکیە ئیسماعیل حەقی:-** کەسایەتییەکی کوردی فەیلییەو لە رێکەوتی ١٩٣٩/٩/١٨. یەکەم ژنە پارێزەر بوو کە لەساڵی ١٩٥٩ بێتە دادوەر لە عێراق، بەمەوە بوو بە یەکەم ژن لەسەر ئاستی نەتەوەی عەرەب کە بێت بە دادوەر. لەساڵی ١٩٧٢ لەزانکۆی ئەمەریکا بڕوانامەی دکتۆرا لەیاسای نێودەوڵەتی بەدەست دەهێنێت. لەدامەزرێنەرانی یەکێتی ئافرەتانی عێراق بووە. دواتر بەهۆی جەنگی نێوان عێراق و ئەمریکا، لەساڵی ١٩٩٦ عێراق جێدەهێڵێت. دواتر لە ساڵی ٢٠٠٣ دەگەڕێتەوەو لە دەستەی نیشتمانی عێراق وەک راوێژکارو شارەزا لە بوارەکەی و لە بەشداریکردن بۆ نوێکردنەوەی دەستووری عێراق، هەڵدەبژێردرێت. لەرێکەوتی ٢٠٢١/٨/٢٣ لەناو یەکێک لە نەخۆشخانەکانی ئەمەریکا، بۆدواجار ماڵئاوایی دەکات.

بۆیە هەر بابەتێک پەیوەندی بەئافرەت هەبووایە، ئەو باسی دەکردو پێشکەشی دەکرد، وەک (پەروەردەی منداڵ و ماڵ و ماڵداری و ژیانی ئافرەت و چۆنێتی راگرتنی ماڵ و منداڵ و ئامادەکردنی خۆراک، هەروەها ئافرەت چۆن روو بکاتە زانست و خوێندن).

لەساڵی ١٩٥٦ کامیلە ئەمین یامولکی، خێزانی بێژەرو وەرگێر عـادل عیرفـان، دێـتە نێـو رادیـۆکە و بەرنـامەی منـداڵانی پێشـکەش دەکرد. کامیلە ئەمین خوێندنی سەرەتایی لەسلێمانی تەواو کردوە، بەڵام لە شـاری هەولێـرو کەرکوکـدا ژیـاوە. پاشـان سروە کەریـم زانستی، خوشکی کەریم سەعید زانستی، دێتە نێو رادیۆی کوردی بەغدا، سروە ئەوکاتە تەمەنـی ١٥ سـاڵان بـووە، قوتـابی ناوەنـدی بووە، (کەریم زانستی)ی باوکی بابەتەکـانی بـۆ ئامـادە کـردوە. هەنـدێک سـەرچاوە وا ئامـاژە دەکەن کە یەکەم بێـژەری ئـافرەت لە رادیۆی کوردی بەغداد، (دکتۆرە نەسرین فەخـری) بـووە، کە دکـتۆرای لەزانسـتەکانی مـرۆڤ ناسـییدا هەیە، لە سـاڵی ١٩٥٦ هـاتۆتە رادیۆکەو چەند مانگێک کاری بێژەری کردوە، هەندێک سەرچاوەی تر ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو کەسەی بۆ یەکەمجار کاری بێژەری لەرادیۆی کوردی بەغدا کردوە، نەزاندراوە کە کێیە (محەمەد، ٢٠١٤، ل٣٦٦-٣٧٧).

**٢: ٤: رۆڵی ژنە رۆژنامەنووسەکان لە نێو تەلەفزیۆنە کوردییەکاندا**

باشووری کوردستان بەبەراورد بە پارچەکانی تری کوردستان، زووتر ئاشـنایەتی لەگەڵ تەلەفزیـۆن و بەشـی کـوردی و پرۆگرامـی کوردی تەلەفزیۆنی پەیداکردوە. لە عێراق یەکەم تەلەفزیۆن لەشاری کەرکوک لە سـاڵی ١٩٦٧ دامەزرا. سـەرەتا هەمـوو بەرنامەکـانی بەزمانی عەرەبی پەخش دەکرد، دواتر بڕیارێک لەبارەی مافە کەلتوورییەکانی کورد لەرێکەوتـی ٩ی ئـاداری ١٩٦٩ لەلایەن حکـومەتی عێراق دەرچوو، کە یەکێک لەبەڵێنەکانیان، زیادکردنی بەرنامە کوردییەکان لەتەلەفزیۆنی کەرکوک بوو، تـا ئەوکـاتەی تەلەفزیـۆنێکی تایبەت بە کورد، بەزمانی کوردی پەخش دەکرێت. دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥، ماوەی پەخشی بەشی کوردی لە تەلەفزیـۆنی کەرکـوک بـۆ شـەش کـاتژمێر درێژکـرایەوە. سـاڵی ١٩٨٦ کەنـاڵێکی تەلەفزیـۆنی کـوردی کـرایەوە، بەڵام تەمەنـی کورتبـوو، هەروەهـا هەمـوو پرۆگرامەکانی لەژێر کۆنترۆڵ و سانسۆری حکومەتی عێراق و بەغدادو رژێمی بەعسدا بووە. (کاکەسوور، ٢٠٠٤، ل٨٧ - ٨٨).

بۆیە، بۆیەکمجار لە نێو پرۆگرامەکـانی تەلەفزیـۆنی کەرکـوک، ئـافرەتی کـورد وەک بێـژەرو پێشکەشـکار دەرکەوتـن، بـۆ نمـونە هونەرمەنـد دڵپـاک تـاهیر. هەروەهـا ئـافرەتی کـورد لە نێـو هـونەری کلیـپ و گـۆرانی و سرودە کوردییەکـان، تـا دەهـات زیـاتر دەردەکەوتن، بەتایبەتی لە هەشتاکانی سەدەی رابـردوودا. لەدوای راپەڕینـی سـاڵی ١٩٩١ی باشـووری کوردسـتان، ژمـارەیەکی زۆر لە تەلەفزیۆنی لۆکاڵی و کەناڵی ئاسمانی کوردی دەرکەوتن، کە هەموو ئەو کەنـاڵانە، ئـافرەتی کـورد وەک رۆژنـامەنووس و میـدیاکارو بێژەرو پێشکەشکارو ئامادەکارو تەنانەت وەک بەرێوەبەری بەشەکانی تەلەفزیۆن و وەک بەرێوەبەری تەلەفزیۆنی کوردی دەرکەوتن.

لەئێستادا، لە کوردستان بە سەدان ژن لە پۆستی باڵادان، سەرۆکی پەرلەمان و سکرتێری پەرلەمان. هەروەها لەکابینەی نـوێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ٣ وەزیر ژنـن و زیـاتر لە ٦٠ دادوەر و ٥٦ داواکـاری گشـتی و ٩٤ لێکـۆڵەری داد و ٢٨٩ یاریـدەدەری لێکۆڵەری داد ئافرەتن. بەشـداری ئافرەتـانی کـورد لە بـواری راگەیانـدنـدا، زیـاتر لە (١٠٠٠) هەزار ئـافرەت ئەنـدامی کـاراو بەشـداری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانن، هەروەها (١٣) ئافرەت خاوەن ئیمتیازو (١٧) ئافرەتیـان سەرنووسـەرن. سـەبارەت بە کەرتـی پۆلیس، لە میلاکی بەرێوەبەرایەتیە گشتییەکانی پۆلیسی هەرێـم (٨٨٢) ئـافرەت لەئەفسـەرو کارمەنـد و فەرمـانبەر هەیە، تەنیـا لە میلاکـی دیـوانی وەزارەتـی نـاوخۆو فەرمانگەکانـدا (٢٥٢٢) ئـافرەت هەیە، وێـڕای هەزارانـی دیـکە لە ریزەکـانی پێشـمەرگە بە پـلەی جۆراوجۆر لەرەگەزی ئافرەتن.

بەگوێرەی دواهەمین ئاماری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، (١٠٠٠) رۆژنامەنووسی مێیـنە لەسـەندیکای رۆژنامەنووسـانی کوردستان ئەندامن. لەکۆی ٦٨٠٦ ئەندامی کاراو هاوکار، لەسـەندیکای رۆژنامەنووسـانی کوردسـتان، تەنهـا ١٠٠٠ هەزاریـان لەرەگەزی مێن، واتا لە ١٥٪ی کۆی رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان ئافرەتن.

**٣: ئافرەتە رۆژنامەنووسەکان لە پارێزگای هەولێر**

مێژووی میدیا و میدیاکار لە سنووری پارێزگای هەولێـر، دەگەڕێـتەوە بـۆ یەکەمـین رۆژنـامەی کـوردی لەهەولێـر. بەشـێوەیەکی ئاشکرا لە پارێزگای هەولێر، بۆیەکەمجار گۆڤاری "زار کرمانجی" لە ساڵی ١٩٢٦ لەرەواندوز بڵاودەبێتەوە. دواتر ژمارەیەک لە رۆژنامە و بڵاوکراوەو گۆڤار لەسنووری پارێزگای هەولێر دەرکەوتوون، لەوانە:- گۆڤاری "روناکی" ١٩٣٥، رۆژنامەی "هەتاو" ١٩٤٨، رۆژنـامەی "هەولێر" ١٩٥٣، گۆڤاری "هەتاو" ١٩٥٤.

بێگومان یەکەمین چاپخانە کەوا لەسەردەستی کوردان هاتبێتە باشووری کوردستان، لەلایەن حوسێن حوزنی موکریانی بووە، سەرەتا هاتۆتە رەواندوز لەسنووری پارێزگای هەولێرو پاشان هاتۆتە نێو شاری هەولێر. لەسەر داوای سەید تەهای شەمزینی، قائیمقامی رەواندوز، لەساڵی ١٩٢٥ حوسێن حوزنی موکریانی، چاپخانەی کوردستان لەشاری حەلەبەوە دەهێنێتە رەواندوزی سنووری پارێزگای هەولێرو لەوێدا رۆژنامەی "زار کرمانجی" ١٩٢٦- ١٩٣٢ بڵاودەکاتەوەو بەچاپ دەگەیێنێت. دواتر ئەو چاپخانەیە لەساڵی ١٩٤٧ دەهێندرێتە نێو شاری هەولێرو گیو موکریانی برای حوسێن حوزنی موکریانی، سەرپەرشتی چاپخانەی کوردستان دەکات. بۆیە لەنێوان ساڵانی پەنجاکان و شەستەکاندا، زۆرترین کتێب و نوسین و بڵاوکراوەکانی باشووری کوردستان، لەرێگەی چاپخانەی کوردستان لەشاری هەولێرەوە بووە. لەباشووری کوردستان تا کۆتایی چلەکان، تەنها چاپخانەی (موکریانی) لەسنووری پارێزگای هەولێرو چاپخانەکەی مێجەرسۆن لەسلێمانی هەبووە، کەوا بۆتە هۆی هاندان و دەرکەوتنی دەیان نووسەرو ئەدیب و رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوە، لەباشووری کوردستاندا. ( پیربال، ٢٠٠٧، ل٨-١٦)

دەرچوونی یەکەمین گۆڤاری کوردی لەسەر دەستی کوردو بەئاراستەیەکی نیشتیمانی و نەتەوەیی، گۆڤاری "روناکی"، بووە کە لە رێکەوتی٢٤ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣٥ بڵاوکرایەوە. پاشان لەساڵی ١٩٤٨ یەکەمین ژمارەی رۆژنامەی "هەتاو" دەردەچێت. ساڵانی پەنجاکان، دۆخێکی سیاسی تارادەیەک لەبار بۆ کوردو شاری هەولێر هاتە ئاراوە، کە هەولێر ببێتە سەنتەرێکی رۆشنبیری، لەوکاتانەدا رۆژنامەی "هەولێر - اربیل" لە ١٩٥٠- ١٩٥٣ لەلایەن کۆمەڵەی مامۆستایانی هەولێر دەردەچێت. لەو رۆژنامەیەدا، ژمارەیەک بابەت و نووسین لەلایەن ژنانی هەولێر نوسراوەو بڵاوبۆتەوە، کە بۆ یەکەمجار بووە، لەسەر ئاستی باشووری کوردستان، ژن وەک رۆژنامەنووس لەبواری رۆژنامەگەری کوردیدا دەربکەوێت، نەوەک تەنها وەک قەڵەم و ئەدیب دەربکەوێت. ئەم رۆژنامەیە ئەگەرچی زیاتر پیشەیی بووەو فۆکەسی لەبواری مامۆستایان و پەروەردەو زانست کردۆتەوە، بەڵام بێگومان ئاراستەیەکی سیاسی هەبووە. (ئەنوەر، ٢٠١٢، ل٥٥)

لەشاری هەولێر، رۆژنامەی "هەولێر" (١٩٥٠- ١٩٥٣)، لەلایەن یەکێتی مامۆستایانی کوردستان - لقی هەولێر، دەردەچوو، کە ژمارەیەک نووسەری دیارو قەڵەمی مامۆستایان دەردەکەوت، لەنێویاندا، قەڵەمی ژنی هەولێری تیایاندا دەردەکەوتن، کە نووسینیان لەبواری فێرکردن و پەروەردە لەو رۆژنامەیەدا بڵاودەکردەوەو کاری رۆژنامەنووسیان تێدا دەکرد. لەو نوسەرو رۆژنامەنووسانەی کە لە رۆژنامەی "هەولێر" بابەتیان دەنوسی و بڵاویاندەکردەوەو کاری رۆژنامەنووسییان دەکرد:- (عەبدولمەجید حەسەن، جومعە محەمەد سەفار، یوسف شێخ یەحیا، مستەفا حەسەن، جەمال جەمیل، نافع یونس، حوسێن رەشوانی، ئەستێر سەعید، حەمدیە سابر، رەمزیە عادل، حەیدەر عوسمان، زاهیر ئەحمەد، عیزەدین فەیزی)، بوونە. رۆژنامەی "هەولێر"، تیراژەکانی لەشارەکانی سلێمانی و بەغداو موسل تەنانەت دەگەیشتە بەسرە. (عەبدوڵڵا ئەنوەر، ٢٠١٢، ل٢١٩)، (محەمەد، ٢٠١٤، ل٣٦٦).

رۆژنامەی "هەولێر"، رۆژنامەیەکی ئەدەبی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بووە. رۆژنامەیەکی هەفتانە بووەو خاوەنی رۆژنامەکە، لقی هەولێری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بووە. بەرێوەبەری بەرپرسی ئەو رۆژنامەیە، مامۆستا جەمیل رەشید بووە. دەستەی نووسەرانی بریتی بوون لە مامۆستا عەبدولمەجید حەسەن (لەهەولێر بەرێوەبەری مەعارف بوو)و مامۆستا عزەدین فەیزی و مامۆستا ئەستێر سەعید بوونە، دواتر لە رێکەوتی١٩٥٢/٩/٣٠ مامۆستا حوسێن رەشوانی لەجێگای مامۆستا عەبدولمەجید حەسەن داندرا. بەرێوەبەری کارگێری ئەو رۆژنامەیە، لەژمارە (١)دا، (جومعە محەمەد) بوو، دواتر مامۆستا جەمال جەمیل بە بەرێوەبەری کارگێری دیاریکرا. (فەرهادی، ١٩٨٨، ل٨٧).

ژمارەیەک نووسەری دیارو قەڵەمی مامۆستایان دەردەکەوتن، لەنێویاندا قەڵەمی ژنی هەولێری تیادا بووە، نووسینیان لەبواری فێرکردن و پەروەردە لەنێو ئەو رۆژنامەیەدا بڵاودەکردەوە. کە بۆ یەکەمجار بوو قەڵەمی ژن لە باشوری کوردستان وەک رۆژنامەنووس لەنێو رۆژنامەگەری کوردیدا دەربکەوێت. دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی "هەولێر"، کە ئەمانە بوون:- عزەدین فەیزی، حوسێن رەشوانی، ئەستێر سەعید، لەگەڵ بەرێوەبەری بەرپرس مامۆستا جەمال جەمیل. هەریەکەو رای تایبەتی خۆی بەرامبەر هەر بابەتێک دەردەبڕی و بڕیاریان لەسەردەدا. دواتر مادده کوردییەکان مامۆستا عزەدین فەیزی دەیبردە ماڵەوەو مادده عەرەبییەکان مامۆستا حوسێن رەشوانی بۆ ماڵەوەی دەبردەوە، تاوەکو بەووردی بیخوێننەوەو هەڵەکان چاک بکەنەوە، هەروەها بەدەست و خەتێکی جوان بینووسنەوە. لەرێگەی شوفێرێکەوە بۆ چاپخانە دەنارداو رۆژی دووشەممان لەبەیانی تا ئێوارە دەست بەچاپی رۆژنامەی "هەولێر" دەکرا. بۆ رۆژی سێ شەممە تاوەکو سەعات یانزە چاوەڕوانی تەواوبوون و گەڕانەوەی رۆژنامەی "هەولێر" دەکرا. پاشان لەلایەن مامۆستا جەمال جەمیل وەک بەرێوەبەری کارگێری دەستی بەدابەشکردنی (٧٥٠) کۆپی دەکرد، بەم شێوەیە:-

- بەشی سەرپەرشتیاران و هاوڵاتیان لەلایەن مامۆستا ئەستێر سەعید دابەش دەکرا.

- بەشی فەرمانبەران لەلایەن مامۆستا حەمدیە سابر دابەش دەکرا.
- بەشی قەزاو ناحیەکان لەلایەن رەمزیە عادل دابەش دەکرا.
- بەشی قوتابخانەکانی دەرەوەی شاری هەولێر لەلایەن مامۆستا حەیدەر عوسمان دابەش دەکرا.
- بەشی شارەکانی تر لەلایەن زاهیر ئەحمەد دابەش دەکرا.
- بەشی عەشائیر لەلایەن مامۆستا عزەدین فەیزی دابەش دەکرا.

هەروەها ژمارەیەک لە قوتابیان لەکاتی پێچانەوەو بەلیست کردنی چۆنێتی دابەشکردنی رۆژنامەکان، هاوکار بوونە. لەهەمان رۆژی دابەشکردن دەست دەکرا بە کارکردن بۆ ژمارەی دواتر، لەسەروتارو هەواڵ...هتد. مامۆستا جەمال جەمیل لیست و کرێی ئاگادارییە بڵاوکراوەکانی لە فەرمانگەکان و بەشداربووان کۆ دەکردەوەو ئامادەی دەکرد. (علی، ١٩٨٨، ل٦٣ - ٦٨).

ئەم رۆژنامەیە کاری لەسەر هۆشیاری پەروەردەیی و رۆشنبیری دەکرد. داکۆکی لەمافەکانی چین و توێژەکانی کۆمەڵ بەگشتی و مافەکانی مامۆستایان بەتایبەتی دەکرد. رۆڵی مامۆستایانی لەگەشەی شارستانیەت و پێگەیاندن لەنێو کۆمەڵگەدا بەرز دەنرخاند. جولانەوەیەکی رۆشنبیری بووەو لەهەوڵی شکاندنی بەستەلەکی فکریدا بووە. باسی بابەتە ئابورییەکان و کێشەو بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی دەکرد. بەقەڵەمی ئەستێر سەعید، بابەتێکی زۆر لەسەر رۆڵی ژن هاوشانی پیاو لەبونیادنانی ژیان کراوە. باسی تیۆری داروین و گفتوگۆکردن لەلایەنی ئاینی و زانستی ئەو تیۆرە کراوە. باسی دیارترین کێشە زانستییە نوێیەکان کراوە. لەبواری ئەدەب، رۆژنامەی "هەولێر" وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار بووە. لە رۆژنامەی "هەولێر"دا ژمارەیەک قەڵەم بابەتیان بڵاوکردۆتەوە. ئەم رۆژنامەیە بەدەر نەبووە لە هەراسانکردن لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەوکاتە، هەروەها ژمارەیەک لە نووسەرانی ئەو رۆژنامەیە بەهۆی نووسین و بڵاوکردنەوەی بابەتی بوێرانە، گیراون و زیندانی کراون. رۆژنامەی "هەولێر"، وەک یەکەمین رۆژنامەگەری تایبەتمەندی مامۆستایان لە سەر ئاستی کوردستان، چاپ و بڵاوبۆوە.

وەستانی رۆژنامەی "هەولێر"، لەپڕ نەبووە، بەڵکو پەیوەست بەو هەموو فشارانە بووە کەلەلایەن کاربەدەست و دەسەڵاتدارانی ئەوکاتەی هەولێر هەبوونە. ویستوویانە هەردەم سانسۆریان بەسەر رۆژنامەو بابەتەکانی رۆژنامەی "هەولێر"دا هەبێت. هۆکارێکی تر بەهۆی گۆڕینی دەستەی کارگێری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بووە. هۆکارێکی تر بەهۆی دەرچوونی یاسایەکی نوێی چاپەمەنی عێراقی لە ساڵی ١٩٥٣، کە هەموو رۆژنامە و گۆڤارو چاپەمەنییەکی لە هەموو شارەکان رەتکردەوە. لە تایبەتمەندییەکانی رۆژنامەی "هەولێر":- بۆ یەکمجار لەئاستی کوردستان رۆژنامەیەکی مامۆستایانە دەرچووە. بۆ یەکمجار لەسەر ئاستی باشووری کوردستان ژن وەک دەستەی نوسەران و بەشداری لە رۆژنامەدا کردوە، کە (ئەستێر سەعیدو حەمدیە سابیر، رەمزیە عادل) بوونە. بەشێوەیەکی رێک و پێک و لەکاتی خۆی دەرچووە. رۆژنامەیەک بوو، کە پشتی بە فرۆشتنی ئاگادارییەکان بەستبوو، لەو فرۆشتەنیە تێدا سەرکەوتوو بووە.

گۆڤاری "هەتاو"، گۆڤارێکی ئەدەبی، کۆمەڵایەتی بووە، مانگانە سێ جار چاپ و بڵاودەکرایەوە. (گیو موکریانی)، خاوەنی ئیمتیازو بەرێوەبەری کارگێری و نووسەری بووە. یەکەمین ژمارەی لەرێکەوتی ١٥/٥/ ١٩٥٤ لەشاری هەولێر دەرچووە. لەو سەردەمەدا تاقە گۆڤاری کوردی بووە، کەوا لەسەر ئاستی کوردستان دەرچوو بێت. کۆتا ژمارەی، کە ژمارە ١٨٨بووە، لەرێکەوتی ١٥/١٠/١٩٦٠ دەرچووەو لەلایەن دەسەڵاتی ئەوکاتە راگیراوە. لەنووسینی ناوەرۆکی گۆڤاری "هەتاو" ژمارەیەک دەستەبژێری بەهێزو بەتوانا بەشداریان تێدا کردوە، لەوانە:- ب. مەریوانی، مەجید ئاسنگەر، قانعی شاعیر، کەریم شارەزا، محەمەد تۆفیق وەردی، زەکی ئەحمەد هەناری، شاکر فەتاح، هەروەها ژمارەیەک قەڵەمی ژن لەهەولێر بەشداریان لەم گۆڤارەدا کردوە، لەوانە:-ئەدیبە عەلی پەریخان، شەفیقە عەلی، سەبریە محەمەد، حەسیبە محەمەد. (نزار جەرجیس عەلی، ١٩٨٨، ل١٧٥-١٧٧)، ( موکریانی، ٢٠١٩، ٨٩-٩٠).

لە ساڵی ١٩٥٦ گۆڤاری "الآمل" لەشاری هەولێر دەرچووە، هەر لەشاری هەولێر لەکۆتایی پەنجاکان لەلایەن قوتابیانی ئامادەیی و دواناوەندییەکانەوە چەندین رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەو دەرچوون، کەوا کچان و کوڕان تیایدا بەشدارییان کردوە. لەساڵی ١٩٥٩ قوتابیانی شاری هەولێر، بڵاوکراوەیەکیان بەشێوەی دەستنووس بە ناوی "دەنگی قوتابیان" بڵاوکردۆتەوە. هەروەها گۆڤاری "ژیان"، لەلایەن لقی هەولێری یەکێتی گشتی قوتابیانی عێراق، ژمارە (١)ی بە چل لاپەڕە دەرچووە. گۆڤاری "ژیان" یەکەمین گۆڤاری خوێندکاری بووە، کەوا دوای شۆڕشی چواردەی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ بەئاشکرا دەرچوو بێت. گۆڤاری "ژیان"، گۆڤارێکی ئەدەبی کۆمەڵایەتی خوێندکاری بووە، لەمانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٠ لەشاری هەولێر دەرچووە. ئەم گۆڤارە بەزمانی کوردی و بەقەبارەیەکی بچوک، بڵاوکراوەتەوە. گۆڤارێکی تایبەتمەند بە کاروباری قوتابیان بووە، هەروەها بابەتی ئەدەبی و رۆشنبیری زۆری تێدا بڵاوکردۆتەوە. ژمارە (١)ی ئەم گۆڤارە، (٤٠) لاپەڕە بووە. ناوەرۆکی گۆڤاری "ژیان"، هەواڵ و راپۆرتی زۆری تێدا بووە. لەو

نووسەرە دیارانەی کە لەم گۆڤارەدا دەیانووسی:- کەمال محی الدین، سەلاح سەعید، موهیب حەیدەری بوونە. (نزار جرجیس علی، ١٩٨٨، ل١٤٠-١٤٢)، (ئەنوەر، ٢٠١٢، ١٩٢-١٩٧).

لەسەرەتای دەرکەوتنی رۆژنامەگەری لە سنووری پارێزگای هەولێر، تا ئێستا ژمارەیەک لە ژنانی هەولێر بەناوی خوازراو بەئاشکرا لە نێو رۆژنامەگەری کوردیدا دەرکەوتوون. لێرەدا ئاماژە بە بەشێک لەو ژنانە دەکەین، کە رۆڵێکی دیاریان لە گەشەکردن و بەرەوپێشبردنی میدیای کوردی و دەرکەوتن و هاندانی ژنان لە گۆڕەپانی رۆژنامەنووسی کوردیدا هەبووە، بەتایبەتی لە شاری هەولێر.

هەر لەشاری هەولێر، رۆژنامەی"الاخلاص" ١٩٦١، رۆژنامەی "اربیل - هەولێر" ١٩٦٢، گۆڤاری "تیشک" ١٩٦٩، دەرچوونە، هەروەها گۆڤاری "البرعم الاخضر"، گۆڤاری "البرعم الاخضر" بەمانای (چرۆی سەوز)، گۆڤارێکی وەرزی بووەو لەلایەن قوتابخانەی ناوەندی سەندیکای مامۆستایانی ئێوارانی کچان بەزمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە. ژمارە (١)ی لەساڵی خوێندنی ١٩٦٩ - ١٩٧٠ بە (٢٤) لاپەڕەی رەش و سپی و چوار لاپەڕەی رەنگاو رەنگ دەرچووە. ئەم گۆڤارە لەژێر چاودێری مامۆستا ئەنغام محەمەد رۆستەم بڵاوکراوەتەوە. ناوەرۆکەکەی بریتی بوون لە:- ووتەی قوتابخانە، هەولێر لەکۆنەوە، شیعرێک بەناوی لەناو پەنابەران، پەندی پێشینان بنەچەی، ئایا دەزانی، حەکایەتی موسلمانیەتی، چ دەربارەی هەردوو جەژنان دەزانن، جگەرە کێشان و شێرپەنجەی سینگ، کورتە چیرۆک و مێژووی سەرهەڵدان، چ دەربارەی ئێستگە دەزانن، چیرۆک، وتەی زانستە ناودارەکان، چ دەربارەی هەزارو یەک شەو دەزانن،...هتد. (خەزنەدار، ٢٠١٨، ل٧٧-٧٨).

هەر لەشاری هەولێر، لەدوای ساڵی ١٩٧٠ ژمارەیەک رۆژنامە و گۆڤارو بڵاوکراوە دەرچوونە، لەوانە:- گۆڤاری "هەولێر" ١٩٧٠، گۆڤاری "رێژنە" ١٩٧٠، گۆڤاری "چیا" ١٩٧٠، گۆڤاری "رەهێلە" ١٩٧٠، گۆڤاری "بیری نوێ" ١٩٧١، گۆڤاری "البدایە" ١٩٧٢، گۆڤاری "بەرەو رووناکی" ١٩٧٢، گۆڤاری "بۆ پێشەوە" ١٩٧٣، گۆڤاری "یاخیبوون" ١٩٧٣، گۆڤاری "خەرمانەی ووشە" ١٩٧٣، گۆڤاری "چوارچرا" ١٩٧٣، بڵاوکراوەی "دەنگی قوتابیانی کوردستان" ١٩٧٣، گۆڤاری "ئامانج" ١٩٧٤، بڵاوکراوەی "کاروان" ١٩٧٥، گۆڤاری "ئۆتۆنۆمی" ١٩٧٦، بڵاوکراوەی "میهرەجانی یەکەمی رۆشنبیری کوردی" ١٩٨٠، بڵاوکراوەی "ئابووری زان" ١٩٨٠، گۆڤاری "کشتوکاڵ" ١٩٨٠، گۆڤاری "ئەدەبی بێگانان" ١٩٨٢.

لەساڵی ١٩٧٠ گۆڤارێکی زانستی و کۆمەڵایەتی و سیاسی بەناوی "رێژنە"، لەلایەن یەکێتی مامۆستایانی کوردستان- لقی هەولێر بڵاودەبێتەوە، کە نووسەرەکان لەبەر پاڵەپاستۆی سیاسی بەناوی خوازراو بابەتەکانیان بڵاودەکەنەوەو ئاماژە بەئەدرەسیان ناکەن، کە هەموویان خەڵکی شاری هەولێر بوونە، هەروەها لەساڵی ١٩٧٣ گۆڤارێکی ئەدەبی، پەروەردەیی، زمانەوانی کوردی بەناوی "نوسەری نوێ"، لەلایەن یەکێتی نوسەرانی کورد لقی هەولێر دەردەچێت. پاشان هەر لەساڵی ١٩٧٣ کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی لقی هەولێر، گۆڤارێک بەناوی "رۆشنبیر" دەردەکەن، دیسان لەم گۆڤارەدا قەڵەم و رۆڵی ژنی هەولێر دەردەکەوێت. دەستەی کارای نوسەرانی گۆڤاری "رۆشنبیر" بەشی کوردییەکەی (سامیە شاکر چاوشلی، ممتاز حەیدەری، حازم باجەلان، عبدلقادر محەمەد ئەمین) دەبن. لەساڵی ١٩٧٣ لەلایەن یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لقی هەولێر، گۆڤاری "بۆ پێشەوە" بڵاودەکرێتەوەو هەروەها لەلایەن سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر لەساڵی ١٩٧٠، گۆڤاری "هەولێر" دەردەچێت، لەم گۆڤارەدا گۆشەی تایبەت بەکاروباری ئافرەتانی تێدابووە. بەشێوەیەکی گشتی لەنێوان ساڵانی ١٩٣٥- ١٩٧٥، لەهەولێر ١٨ گۆڤارو ٣ رۆژنامە دەرچوونە، سەرباری ئاستەنگی سیاسیی و دارایی و چاپخانە و گەیاندن. هەروەها لەم ماوەیەدا بۆیەکەمجار ژن لەدەستەی دەرکردنی رۆژنامەو ژن وەک قەڵەمی بەشداربوو لەرۆژنامەوانی کوردی شاری هەولێر دەرکەوتوون. (ئەنوەر، ٢٠١٢، ل٢٢٠-٢٥٣).

لەدوای ساڵی ١٩٧٠ ژمارەیەک لە رۆژنامەو گۆڤار لەشاری هەولێر، لەبواری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و ئەدەبی و هونەری و پەروەردەیی، بڵاودەکرانەوە، لەوانە گۆڤاری"رۆژی کوردستان"، گۆڤاری "بەیان". هەروەها لەنێوان ١٩٧٠ - ١٩٧٤ لەنێو ناوەندەکانی خوێندن و کۆمەڵە و رێکخراوە پیشەییەکان، لەشاری هەولێر بڵاوکراوەیەکی ئێجگار زۆری پەروەدەیی دەردەچوون. هەر لەو ساڵانەدا (کۆڕی زانیاری کورد) و (یەکێتی نوسەرانی لقی هەولێر) و (کۆمەڵەی رۆشنبیری کورد)، لەشاری هەولێر دامەزران، کە بەهەر رێژەو قەبارەیەک بوبێت، ژنان لەو ناوەندانەدا رۆڵیان نواندوە. (ئیسماعیل، ٢٠١٦، ل٧٧- ٧٨)

گۆڤاری "ئەدەبی بێگانان"، ژمارە (١)ی لەساڵی ١٩٨٢ لەشاری هەولێر، بەسەرپەرشتی عەزیز گەردی دەرچووە. ئەم گۆڤارە، گۆڤارێکی تایبەتمەندی ئەدەبی و هونەری بووەو زیاتر ئەدەبی بێگانەی لەزمانەکانی ترەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە. نووسەرەکانی ئەم گۆڤارە بریتی بوون لە:- خالید شەیدا، مەولود ئیبراهیم حەسەن، محەمەد کاکەیی، مارف عومەر گوڵ، ڤیان ئەحمەد خدر دزەیی، حیسام بەرزنجی، شیرین سەعید رەحیم، دلارام عەبدولواحید، کەریم دەشتەکی، خاتو هیوا محەمەد

عومەر، عەتا محەمەد کەریم، ئە.ب، سەباحی مەلا، نیعمەت عەبدوڵلا، حیکمەت حەبیب. (خەزنەدار، ٢٠١١، ١٥٤ - ١٥٦). (تەنیا، ٢٠١٣، ل١١٧ - ١١٨).

پاشان هەر لەشاری هەولێر، گۆڤاری "کاروان" ١٩٨٢، رۆژنامەی "کشتوکاڵ" ١٩٨٢، دەرچوونە. دواتر ژمارە (١)ی بڵاوکراوەی "خانزاد"، لەساڵی ١٩٨٢ لەلایەن لقی هەولێری یەکێتی ئافرەتانی عێراق، بەزمانی کوردی لەشاری هەولێر دەرچووە. ئەم بڵاوکراوەیە تایبەت بەژنان بووەو دوا ژمارەی لەساڵی ١٩٨٣ دەرچووە. (تەنیا، ٢٠١٣، ل١١٩).

دوای دەرچوونی بڵاوکراوەی "هاودەنگ" ١٩٨٣، گۆڤاری "ئاسۆس" ١٩٨٤ دەرچووە، گۆڤاری "ئاسۆس"، ژمارە (١)ی لە مانگی سێی ساڵی ١٩٨٤ لەشاری هەولێر دەرچووە. لەلایەن کۆمەڵێک قوتابی لەبەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین، بڵاوکراوەتەوەو محەمەد خدر مەولود، سەرپەرشتی دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەی کردوە. لەنووسەرەکانی نێو ئەو بڵاوکراوەیەدا:- محەمەد خدر مەولود، موکەرەم محەمەد شوکر، زاهیر ئەحمەد غەریب، عەبدولسەمەد ئیسلام، هیدایەتی عەبدوڵلا حەیران، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، سەلاح عومەر، پەخشان سابیر، عەقید شەفیق، موزەفەر سلێمان، خوشکە خاکی، ئاسۆس مەجید، هیمداد حوسێن، محەمەد ئەمین حوسێن، خەبات ئەحمەد، محەمەد سابیر، نەوزاد عەلی ئەحمەد...هتد. ژمارە (٢)ی ئەم بڵاوکراوەیە لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٨٤ دەرچووە. (خەزنەدار، ٢٠١١، ل١٦٢-١٦٣)، (تەنیا، ٢٠١٣،ل١٤٥).

هەر لەشاری هەولێر، بڵاوکراوەی "فۆلکلۆر" ١٩٨٤، بڵاوکراوەی "ئەدەبی منداڵان" ١٩٨٥، رۆژنامەی "کاروانی وەرزش" ١٩٨٥، بڵاوکراوەی "گردەمەند" ١٩٨٦، گۆڤاری "نەورۆزی عێراق" ١٩٨٦، بڵاوکراوەی "هەولێر- اربیل" ١٩٨٧، گۆڤاری "تەندروستی و کۆمەڵ" ١٩٨٧، گۆڤاری "کاروان بۆ زانستی مرۆڤایەتی" ١٩٩٠، گۆڤاری "کاروانی فۆلکلۆر" ١٩٩٠، دەرچوونە. گۆڤاری "کاروانی فۆلکلۆر"، لەساڵی ١٩٩٠ لەلایەن ئەمینداری گشتی رۆشنبیری و لاوان، لەشاری هەولێر دەرچووە. سەرنووسەرەکەی: حیکمەت حاجی سەلیم و جێگری سەرنووسەر" د. شوکریە رەسوڵ بووە. ئەم گۆڤارە بەزمانی کوردی بووەو تەنها یەک ژمارەی بە (١٩٦) لاپەڕەو بەقەبارەی (١٥.٥ بە٢٣) سم دەرچووە. (تەنیا، ٢٠١٣، ل٢٤٤).

گۆڤاری "سێبەر"،ژمارە (١)ی لەساڵی ١٩٩١ لەلایەن لقی هەولێری یەکێتی ژنانی کوردستان دەرچووە، سێ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. لەنیسانی ساڵی ١٩٩٤، ژمارە (١)ی گۆڤاری "تروسکە"، لەلایەن کۆمەڵێک ژنی پێشکەوتنخوازی کوردستان لەشاری هەولێر دەرچووە. لەرێکەوتی ١٩٩٧/٨/٥ژمارە (٠)سفری بڵاوکراوەی "ئایندە" لەلایەن یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان لەشاری هەولێر دەرچووە. پاشان سەنتەری خاتووزین لەساڵی ٢٠٠٣ گۆڤاری "خاتووزین" لەشاری هەولێری بەچاپ گەیاندوە (بابۆلی، ٢٠١٣، ل١٦٠-١٦١).

لەبارەی ئەو ژنە میدیاکارو رۆژنامەوانانەی کە لەشاری هەولێر لەرۆژنامەوانی وەرزشی دەرکەوتوون، لەساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکان، ژمارەیەک قەڵەم بوون، بۆ نمونە لە (کاروانی وەرزشی) کە لەساڵی ١٩٨٥ لەشاری هەولێر دەرچووە، ژمارەیەک لەو قەڵەمانە تێدا دەرکەوتوون (بێری محەمەدی، زبێدە محەمەد، دایکی رەگەز، زیلان، شەپۆڵ، ناسکە محەمەد دزەیی...هـتد). هەروەها لەسەرەتای نەوەتەکاندا (نەجیبە کەریم حەمەد) وەک یەکەم میدیاکاری وەرزشی ژن لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و شاری هەولێردا دەردەکەوێت. (نانەکەلی، ٢٠١٥، ل٥٤٣)

دواتر گۆڤاری "کاروانی منداڵان" ١٩٩٠ دەرچووە، هەروەها رۆژنامەنووس و میدیاکارو میدیای کوردی بەنهێنی و لەشاخەکاندا رۆڵی دیاریان هەبووە. هەندێک لە بڵاوکراوەکان بەنهێنی لەنێو شارو شارۆچکەکان، بەچاپ یاخود بەدەست نووس، ئامادە دەکران و بڵاودەکرانەوە. هەندێکیان لەناوچە ئازادکراوەکان، واتا لەو ناوچانەی کە دەستی رژێمی بەعسی عێراقی پێ نەدەگەیشت، بەتایبەتی لەهەندێک لەدێهاتەکان و لەناوچە شاخاوییەکاندا و لەنێو ئەشکەوتەکاندا، ئازادانە دەنووسران و ئامادە دەکران، بەڵام بەنهێنی بۆ لادێکان و شارو شارۆچکەکانی کوردستان دەنێردران. دەیان و سەدان کارئەکتەری کورد، لەبواری نووسین و چاپکردن و گواستنەوەو گەیاندنی بڵاوکراوەکانی شۆرش و پێشمەرگایەتی، لەسێدارە دەدران یاخود لەژێر ئەشکەنجە و ئازاردا لەزیندانەکان، دەگیران.

میدیاکارو رۆژنامەنووسی کوردی پارێزگای هەولێر، جگە لەوەی لەنێو رۆژنامە و گۆڤارو بڵاوکراوە کوردییەکان لە شاری هەولێر بەئاسکرا دەرکەوتوون، بەهەمان شێوە بەنهێنی ژمارەیەک بڵاوکراوەی کوردی لەسنووری پارێزگای هەولێر دەرکەوتوون. هەروەها لە خەباتی شاخدا، چەندین کەناڵی رادیۆیی و رۆژنامە و بڵاوکراوەو گۆڤار دەرکەوتوون، کە زۆرێک لەمانە، میدیاکارو رۆژنامەنووس و قەڵەمی هەولێر بوونە. لەو بڵاوکراوەو گۆڤارو رۆژنامانەی کە بەنهێنی لەپارێزگای هەولێر دەرچوونە یاخود لە خەباتی شاخ دەرکەوتوون و میدیاکارانی هەولێر، رۆڵیان تێدا بینووە، لەوانە:-

هەفتەنامەی "گۆڤار" ١٩٣٩، بڵاوکراوەی "یەکێتی تێکۆشین" ١٩٤٤، بڵاوکراوەی "شۆڕش" ١٩٤٤، ڕۆژنامەی "ئازادی" ١٩٤٥، بڵاوکراوەی "شوعلە" لەکۆتایی چلەکان، ڕۆژنامەی "رزگاری"، ڕۆژنامەی "خەبات" ١٩٥٣، بڵاوکراوەی "دەنگی قوتابیان" ١٩٥٣، بڵاوکراوەی "خەباتی کوردستان" ١٩٥٦، بڵاوکراوەی "ئازادی کوردستان" ١٩٥٧، ڕۆژنامەی "ڕێگای کوردستان" ١٩٦٢، گۆڤاری "سەفین" ١٩٦٧، ڕۆژنامەی "الشرارة" ١٩٧٥، ڕۆژنامەی "ڕێبازی نوێ" ١٩٧٦، گۆڤاری "سۆسیالیست"، بڵاوکراوەی "بزوتنەوە" ١٩٨٠، بڵاوکراوەی "ڕێگای ئازادی" ١٩٨١، گۆڤاری "پێشمەرگە" ١٩٨٢، گۆڤاری "ڕاپەرین" ١٩٨٢، ڕۆژنامەی "کۆسار"، ١٩٨٣، گۆڤاری "نوسەری نوێ" ١٩٨٣، گۆڤاری "ئەستێرە" ١٩٨٣، بڵاوکراوەی "سروشت" ١٩٨٣، بڵاوکراوەی "ئاڵای ئازادی" ١٩٨٦، گۆڤاری "هەنگاو" ١٩٨٦، بڵاوکراوەی "پێشکەوتن" ١٩٨٧، بڵاوکراوەی "دەنگی قوتابیان و لاوان - پێشرەو" ١٩٨٨، بڵاوکراوەی "ئاڵا" ١٩٨٨، ڕۆژنامەی "بەرەی کوردستانی" ١٩٨٨، گۆڤاری "هەڵوێستی ئەدەبی" ١٩٨٨، گۆڤاری "ژیلەمۆ" ١٩٨٩، ڕۆژنامەی "ئاسۆی کرێکار" ١٩٨٩، گۆڤاری "بانگ" کۆتایی ١٩٨٩، بڵاوکراوەی "بەرنامە" ١٩٩٠، ڕۆژنامەی "چرای ئازادی" ١٩٩١، گۆڤاری "ڕەواندز" ١٩٩١...هتد.

لەزۆرێک لەو بڵاوکراوانەدا قەڵەمی ژنان دەرکەوتوون، یاخود وەک تایپیست بەشداریان لەنووسین و ئامادەکردنی ئەو بڵاوکراوەو ڕۆژنامە و گۆڤارە نهێنیانە کردوە. بەهەمان شێوە ژنانی هەولێر هاوشێوەی ئافرەتانی کورد لە شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان، لە گواستنەوەو بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوە نهێنییەکانی پارتە سیاسییە کوردەکان، ڕۆڵی دیاریان هەبووە. هەروەها لەنێو رادیۆکانی شاخ و شۆڕشەکانی کورد، بەتایبەتی لە هەردو رادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق و رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان، دەنگی ژنانی کورد دەرکەوتوون.

ئەگەرچی دەرکەوتن و بەشداریکردن لەمیدیادا بۆ کورد بەهەردو ڕەگەزی نێرو مێ، ئاسان نەبووەو کورد درەنگتر دەستی بەمیدیای ئازاد لەنێو شارەکانی کوردستان گەیشتووە، ئەمە ئاستەنگییە بۆ پیاو زۆربووە، لەکاتێکدا بۆ ژن ئاستەنگی زیاترو کۆسپ و تەکەرەی زیاتر هەبوونە، جگە لە بەربەستە سیاسییەکان و نەتەوەییەکان، لەهەمان کاتدا بەربەستی کەلتووری و داب و نەریت و بەربەستە کۆمەڵایەتییەکان و داخراوی کۆمەڵگەی کوردی...هتد ئەمانە هەمووی بۆ ئافرەتانی کورد تەنگژەی بەهێزی کەمتر دەرکەوتنیان بووە، بەتایبەتی لە بواری ڕاگەیاندندا، بۆیە پێوەرەکانی بەشداری ژنان لەمیدیادا بەهەر قەبارەیەک بووبێت، بەگەورەیی دەبینردرێت و بە بایەخەوە سەیر دەکرێت. لەسنووری پارێزگای هەولێر، ژنان وەک ڕۆژنامەنووس لە سەرەتای پەنجاکانەوە هاتوونەتە نێو خەباتی ڕۆشنبیری و میدیاو ڕۆژنامەوانییەوە، نەوەک هەر تەنها وەک شاعیرو نووسەر، بەڵکو وەک میدیاکارو ڕۆژنامەنووس کەم تا زۆر دەرکەتوونە.

لەدوای راپەرینی ١٩٩١ی گەشەیەکی گەورە بەمیدیای کوردی دەرکەوت و ژنان زیاتر هاتنە نێو ئەو مەیدانە، بۆیە لە سنووری شاری هەولێر، بە پێوەری زۆری ژمارەی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەو گۆڤارو کەناڵەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، لەرووی چەندایەتییەوە، ئەمە وای کرد ئافرەتی زیاتر لە شاری هەولێر لە بواری میدیادا دەربکەوێت، کە ئەگەرچی بەشێک لەو ژنە ڕۆژنامەنووسانە خەڵکی شارەکانی تری کوردستان و پارچەکانی تری کوردستان بوونە، بەڵام هێشتا ژنە ڕۆژنامەنووسەکانی هەولێرو دەرکەوتنیان لە میدیادا سەرباری ئاستەنگی گەلێک، بەرێژەیەکی زۆر دەبیندرێن و دەردەکەون. بێگومان قەڵەمی ژنان ڕەنگە بریتی بێت لە هۆندراوەو شیعر نووسین یان چیرۆک نووسین یاخود وتار نووسین و کاری ڕۆژنامەنووسی، بەڵام ڕۆژنامەنووس یاخود ژنانی ڕۆژنامەنووس بریتین لەو ژنانەی کەوا سەرنووسەرو بەڕێوەبەری کەناڵەکانی رادیۆو تەلەفزیۆنەکانن، یاخود لەدەستەی نووسەرانن، یان ڕۆڵی پەیامنێرو بەڕێوەبردنی ڕۆژنامە و کەناڵەکانی رادیۆو تەلەفزیۆن دەبینن یاخود بەرنامە پێشکەش دەکەن. بۆیە لێرەدا ئاماژە بە هەندێک لەو ژنە ڕۆژنامەنووسانە دەکرێن، کە لە سنووری پارێزگای هەولێر کاریان کردوە یاخود لەکاری میدیایدا بەردەوامن.

- **حەمدیە سابیر**:-یەکێک بووە لەو ئافرەتانەی شاری هەولێر کە لەگەڵ ژمارەیەک لەمامۆستایانی هەولێر، کۆمەڵەی مامۆستایانی هەولێر لەڕێکەوتی ١٩٥٠/٤/٥ لە شاری هەولێر دادەمەزرێنن، کە بێگومان ئەو کۆمەڵەیە کاریگەریەکی زۆری لەسەر مامۆستایان و باری ڕۆشنبیری هەبوو. هەر ئەو کۆمەڵەیە، لە ڕێکەوتی ١٩٥٠/١٢/١٦ ڕۆژنامەی "هەولێر- اربیل"، بەزمانی کوردی و عەرەبی چاپ و بڵاودەکەنەوە. لەو ڕۆژنامەیەدا ژمارەیەک لە مامۆستای ئافرەت بەناوی خوازراو ئاشکرا، وتارو بابەتیان تێدا بڵاو دەکردەوەو مامۆستا حەمدیە یەکێک بووە لەڕێبەرانی ئەو کۆمەڵەیەو یەکێک بووە لەقەڵەمەکانی ڕۆژنامەی "هەولێر" و ڕۆژنامەنووسێکی شاری هەولێر (فەیزی، ٢٠٠٦، ل٧١،٧٢)، (زامدار، ١٩٨٨، ل١٠٥).

- **ڕەمزیە عادل:-** یەکێک بووە لەمامۆستا سەرەتاکانی شاری هەولێرو کاریگەری زۆری لەپێگەیاندنی کچان و قوتابیانی ئەو شارەدا هەبووە. لە قوتابخانەی نەهێشتنی نەخویندەواری بێ بەرامبەر وانەی وتۆتەوە. لەژیانی خۆیدا هەورازو نشێوو دەردەسەری زۆری بینیوە، ڕاگواستن و ئەزیەت و ئازاری نیشتیمان پەروەرێتی. مامۆستایەکی بوێر، جگە لەکاری نیشتیمانی، لەبواری ڕۆشنبیری

رۆڵی هەبووەو لەرۆژنامەی "هەولێر" کاری کردوە و رۆڵی دیاری هەبووە. زیاتر لەچل ساڵ لەشاری هەولێر مامۆستا بووە. ڕەمزیە عادل، لەساڵی ۱۹۲۵ لەشاری هەولێر لەدایک بووە. لەیەکەم قوتابخانەی هەولێر (قەڵات)، قۆناغی سەرەتایی تەواو دەکات. خانەی مامۆستایان لەشاری بەغداد تەواو دەکات. پاشان وەک مامۆستا بۆ یەکەمجار لەشاری کۆیە دادەمەزرێت و لە ساڵی ۱۹٤٥ لەقوتابخانەی خانزادی کچان لەشاری هەولێر وەک مامۆستا دەست بەکار دەبێت. مامۆستا ڕەمزیە، لەساڵی ۱۹۸۱ خانەنشین دەبێت. (عەقیلە رواندزی، ۲۰۰٥، ل۲۰۱).

- **نەجیبەخانی جەلی زادە:-** ئەو کچەی مێژووی چوونە مەکتەبی کچانی لە هەرێم و قوتابخانەی تێکەڵاوی لەعێراق دروست کرد. کچە گەورەی مەلا محەمەدی مەلا گەورەی کۆیەیە2، لە ۸/۹/ ۱۹۱۷ لە گەڕەکی بایزاغای شاری کۆیە لەدایک دەبێت، دایکی ناوی (خاتوو حەبیبە کچی ڕەزای کوڕی شێخ قادری سندۆڵان)ە. لەساڵی ۱۹۲٤ نەجیبەخان لەقوتابخانەی سەرەتایی کۆیە دەخاتە بەرخوێندن. قوتابخانەی کۆیەی سەرەتایی، قوتابخانەیەکی کوڕان بووە، بەچوونی نەجیبەخان، قوتابخانەی کۆیەی سەرەتایی دەبێتە یەکەمین قوتابخانەی تێکەڵاو لەسەرتاسەری عێراق و کوردستان. دواتر چوونی نەجیبە خان بۆ قوتابخانە، هانی خەڵکی تری دا، تاوەکو ئەوان هانبدرێن کچەکانیان بنێرنە بەر خوێندن. لە ساڵی ۱۹۳۳ یەکەمین قوتابخانەی تایبەتی بۆ کچان لەکۆیە کراوەتەوە. نەجیبە خان لەسەرەتای چلەکانی سەدەی رابردو تێکەڵ بەخەباتی سیاسی دەبێت و لایەنگرێکی چالاکی حزبی هیوا دەبێت. هەردەم ئافرەتانی کوردو دەوروبەری بۆ خەبات و نیشتیمان پەروەرێتی هۆشیار کردۆتەوە. لەگەڵ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ۱۹٤٦/۸/۱٦، بۆتە ئەندامێکی چالاکی ئەو حزبە. لەگەڵ دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە ۱۹٥۲/۱۲/۱۱ رۆڵێکی باشی لەنێو ئەو ڕێکخراوەدا بینیوە. بەنهێنی لەکۆیە بەسەرۆکی لقی کۆیەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان داندراوە. پاشان لە ۱۹٥۸ - ۱۹٦۰ لەدوای هەڵگیرسانی شۆرشی ١٤ی تەمموزی ۱۹٥۸، بەئاشکرا بۆتە سەرۆکی لقی کۆیەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، لەوێدا لەبۆنەکاندا وتاری زۆری پێشکەشکردووەو چالاکی زۆری هەبووە. هەمیشە باسی یەکسانی ئافرەتان و رۆڵی ژنانی لەبزوتنەوەی رزگاریخوازیدا کردوە. هەردەم هەوڵی هۆشیارکردنەوەو رۆشنبیرکردنی ئافرەتانی کوردی داوە. لەکاتی نسکۆی شۆرشی ئەیلول، لەساڵی ۱۹۷٥-۱۹۷۷ لەئێران ماوەتەوەو پاشان دەگەڕێتەوە شاری کۆیەو دواتر دێتە نێو شاری هەولێر. نەجیبە خان، لەناو خزم و کەسە نزیکەکانی بە (یایە دایە)ناسراوە. لەدوای تەواوکردنی قۆناغی خوێندنی سەرەتایی بۆ ماوەیەک دەبێتە سەرپەرشتیاری یەکەم لە قوتابخانەی کچانی کۆیە و بۆ ماوەی دوو ساڵ وەک بەرێوەبەرو مامۆستا بووە. وەک دانا جەلی زادە، کەسی زۆر نزیکی بنەماڵەی مەلای گەورە دەڵێت:- "نەجیبە خان خەوی کەم بوو، شەوان کە ئێمە دەنوستین، ئەو دەچوو چرایەکی هەڵ دەکرد و خەریکی نوسینەکانی خۆی دەبوو. هەموو کتێبخانەی مەلای گەورەی ڕێک خستبوو. ئەو پارەیەی کە ژنێک بەدەستی دەکەوت و دەچوو کراسێکی پێ دەکڕی، ئەو دەچوو دەفتەری پێ دەکڕی و نوسینی لەناو دەکرد". خاوەنی کۆمەڵێک بەرهەمە:- مێژووی کۆیە، کە لەساڵی ۱۹٥۸ چاپکراوە. مێژووی شاری کۆیە، ساڵی ۲۰۰۹ لەچاپخانەی شەهاب لە هەولێر، چاپکراوەتەوە. مێژووی جەلیلی زادە (مێژووی بنەماڵەی جەلی زادە)، ساڵی ۲۰۱۱ لەلایەن سەنتەری لێکۆڵینەوەو پەخشی کۆیە چاپ بووە. هەواڵی کوردەواری (هەواڵی رووداوەکانی کوردستان لە سەردەمی هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلول لە ۱۹٦۰ -۱۹٦۲). کوردستان - چوار بەرگ چاپکراوە. پەرتووکی هەمەرەنگ یان حەوت رەنگ (نۆ بەرگە) کە بریتیە لە چیرۆکی فۆلکلۆری و یاری منداڵانە. لەئێران لەساڵی ۱۹۸۱ بەچاپ گەیەندراوە. هەر سێ بەشەکانی قۆرئانی پیرۆز لەژێر ناوی تەفسیری کوردی لەکەلامی خواوەند، کە لەلایەن باوکیەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی، بەچاپی گەیاندووە. هەندێک سەرچاوە باسی هەندێک دەستنووس و بڵاوکراوەی تری نەجیبە خان دەکەن، لەوانە:- (چەپکە گوڵ، خەمڕەوێن، حەوت ڕەنگ و چەند کتێبێکی تر). نەجیبە خان، لەماوەی تەمەنیدا، ژنێکی چاونەترس و قسەلەڕوو بووە، زۆرجار هەڵەی قسەکردنی ئافرەتانی دەورووبەری راستکردۆتەوەو نەیهێشتووە بەسەریدا تێبپەڕێت. بەدەیان کێشەی کۆمەڵایەتی چارەسەر کردوە. بەهۆی تەمەن و پیربوونەوە تووشی نەخۆشی ئێسکەنەرمە دەبێت و لەشەوی ۱۱ لەسەر ۱۲ی/۱۹۹۹/٦ لەتەمەنی ۸۲ ساڵیدا، بۆ دواجار ماڵئاوایی دەکات و لەگۆڕستانی دەروێش خدر لەکۆیە بەخاک دەسپێردرێت. (موم تاز حەیدەری، هێرش سنجاوی،کاروان قاسم، ۲۰۱٤، ل۸۳-۸٤)، (سیروان محەمەد حاجی، ۲۰۱۲، ل۱۳۹-۱٤۱)، (عەبدولخالق عەلائەدین، ۲۰۱٤، ل۳۱۱-۳۱۳).

- دکتۆرە سامیە شاکر سادق (سامیە چاوشلی - مەشخەڵ):- لەبەر مێژووە گەورەکەی، قوتابیەکی ئەڵمانی ماستەر لەسەر ژیانی دەهێنێتەوە. سەرەتای دەستکردن بەنوسینی شیعرو چوونە نێو دونیای ئەدەب، بۆ ساڵی ۱۹٥۹ دەگەڕێتەوە، هەروەها لە ناوەڕاستی پەنجاکان بابەتی بڵاوکردۆتەوە. بەرهەم و چاپکراوەکانی:- توێژینەوەکانی بەکالۆریۆس و ماستەرو دکتۆراکەی بەچاپ گەیەندراوە. هەروەها خاوەنی ژمارەیەک بڵاوکراوەو کتێبە لەوانە:- بیری چەسپاو لەساڵی ۱۹۷۳، هەولێر: ئەلف و بێی زمانی کوردی و سەرەتای

2 مەلا محەمەدی گەورە، مەلای گەورەی کۆیە، مەلایەکی زاناو شاعیرێکی ناسراو خاوەن کەسایەتییەکی پێشکەوتنخواز بووە.

فێربوونی بۆ خوێندکاران. ناساندنی نوسەرانی کورد بە گەلی ئەڵمان بەناونیشانی: ئافرەت و نوسین لەرۆژهەڵاتی ناوەراست لە جیهانی سێیەم. (بەهەرەی دوور). دەسەڵاتی سۆڤیەت و باری ئافرەت، وەرگێڕان، بەغداد ١٩٧٤. بیبلیۆگرافیای ئافرەتی کورد و ئافرەتی جیهانی سێیەم، بە زمانی ئەلمانی، ئەلمانیا. بەشداری لە بڵاوکراوەی ساڵانەی زانکۆی لابزیل و چەندین چالاکی تر کردوە. لە شەستەکاندا، بەشداری لەبابەتی کۆمەڵناسی و باری کۆمەڵایەتی ئافرەتی کوردی کردوە.

سامیە چاوشلی لەبواری چالاکییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا، هەر لەمنداڵیەوە خولیای خوێندن و نوسین و نیشتیمان پەروەری و کاری کۆمەڵایەتی بووە. هەروەها هونەرەکەی وەک خۆی دەڵێت:- "دەگەڕێتەوە بۆ باری کۆمەڵایەتی باوکم و خزمان و میوانەکانمان، چونکە هەر لەمنداڵییەوە سرودی کوردیم رەوان دەکردو بۆ باوکمم دەگووت یان بۆ میوانانم دەگووت...هتد". دەڵێت:- "لەساڵی ١٩٧٤ بە ئەندام لەئەنجومەنی یاسادانان هەڵبژێردرام، هەروەها لەخولی دووەم بەهەمان شێوە هەڵبژێردرام، بەڵام لەخولی دووەمدا جەخت و هێرش کرایە سەرمان، کەدەبێت ببین بەئەندام لەرژێمی ئەوسا، دەنا رێگا بە چالاکییەکانمان نادرێت. چەندین جار منیان هێناو برد، من وەڵامی توندم دەدانەوە، هەتا جارێکیان پێیان گووتم (هذا قرار شتوين بعدي...؟) منیش گووتم تلتقی بالسجن!! ویاکم. ئیتر بڕیاردرا کە من نەکەومە دەستیان و بڕیاری سەفەری دەرەوەم دراو گەیشتمە ئەڵمانیا". قوتابییەکی ئەڵمانیا بەناوی (کریستیان پومەرلیتل) لەسەر ژیانی سامیە چاشلی ماجستێری بەدەست هێنا. دکتۆرە سامیە شاکر سادق ناسراو بە سامیە چاوشلی، لەقەڵاتی شاری هەولێر لەدایک بووە. لەچلەکان نازناوی نووسینی، سامیە مەشغەل بووە. خوێندنی سەرەتایی لەشەقلاوە تەواو کردوە. خوێندنی ناوەندی لەهەولێرو پەیمانگای مامۆستایانی لەبەغداد تەواو کردوە. لەشاری هەولێر، مامۆستای سەرەتایی بووەو هەروەها بۆتە بەرێوەبەری قوتابخانە. ماستەرو دکتۆرای لە ئەلمانیا تەواوکردوەو ئێستا پلەی زانستی، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لەکۆمەڵناسی. بۆماوەی حەڤدە ساڵ بەپلەی یاریدەدەری مامۆستا لەزانکۆی لایبزیل لەئەلمانیا چالاک و سەرکەوتووانە کاری کردوە. (لاڤە فاروق جەمیل، د.سامان جەلال، ٢٠٢١).

- **خالیدە خدر ئیبراهیم**:- مامۆستا خالیدە، خوێندنی سەرەتایی لە شاری بەغداد تەواو کردووە. خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە. بەشی زمانی کوردی لەکۆلێژی زمان تەواو دەکات. لەساڵی ١٩٩٥ لە بەشی زانستی سیاسی زانکۆی چادرچی وەرگیراوە. بۆ خوێندنەوەی دەنگ و باسەکان، لە ساڵی ١٩٧٣ لە ئێزگەی کوردی بەغداد وەك (بێژەر) دامەزراوە. لەوێدا چەند بەرنامەیەکی ئامادە و پێشکەشکردوە. لەکاری تەلەفزیۆنیدا، لە تەلەفزیۆنی کوردی کەرکوکدا کاری کردووە و بەرنامەی (چوار لاپەڕە) و (چاوپێکەوتن) و بەرنامەی (کتێبی هەفتە)ی پێشکەشکردووە. لە ساڵی ١٩٨٧ ئێزگەی کوردی بەجێدەهێڵێت. مامۆستا خالیدە، لە شاری هەولێر لەدایك بووەو لە ئێستادا لەگەڵ خانەوادەکەی لە ووڵاتی سویسرا دەژی[3].

- **ڤیان احمد خدر احمد دزەیی:**- لەکاری ئەندام پەرلەمانیدا، ئەندام لە لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا و ئەندام لەلیژنەی بەرگریکردن لە مافی ئافرەتان بووە. لەبەرهەمم و چالاکییەکانیدا:- لەگۆڤاری "ئەدەبی بێگانان" لە ساڵی ١٩٨٢ کاری کردوەو نووسینی تێدا بڵاوکردۆتەوە. وەرگێڕان: ژیانی شاعیری بەناوبانگی روسی (ئەرجە ئەلکسن) لەزمانی ئینگلیزی بۆ زمانی کوردی لەساڵی ١٩٨٣. وەرگێڕان: نامیلکەیەک، خوێندن بۆ گەوران لەسیستەمی سویدی لەزمانی ئینگلیزی بۆ کوردی لەساڵی ٢٠٠٦. وەرگێڕان: پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتیمانی کۆماری سربیا لەساڵی ٢٠٠٦. نوسینی کتێبێک بەناوی (خۆسوتاندن و تێڕوانین و چارەسەر) لەساڵی ٢٠٠٨. نوسینی کتێبێک بەناوی (جگەرە کێشان و جگەرە کێشانی خۆنەویست) لەساڵی ٢٠٠٩. ئامادەکردنی پڕۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان لەهەرێمی کوردستان - عێراق، کە بوو بە یاسای ژمارە ٢١ی ساڵی ٢٠٠٧. ئەم یاسایە لە ٣١ی مایسی ٢٠٠٨ لە رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی جگەرە کێشان جێبەجێکرا. ئامادەکردنی پڕۆژە یاسای وەرگرتنی باج لەسەر بەرووبوومی جگەرە کە رەزامەندی لەئەنجومەنی وەزیران وەرگیرا، بەڵام لەبەرئەوەی پەرلەمانی کوردستان لەکۆتایی خولەکەدا بوو، بۆیە نەکرا بە یاسا، بەڵام لەخولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان بوو بە یاسا. ئەو یاسایە بەشێوەیەک بوو کە سودەکەی بۆ قوربانیانی نەخۆشیە درێژخایەنەکانی وەک شێرپەنجە بگەڕێتەوە. ئەندامی یەکەم وەفدی پەرلەمانی کوردستان بوو، کە بۆ وڵاتی سربیاو هەرێمی ڤودینا چوون، کە لەلایەن رێکخراوی (IRI) رێکخرابوو. لەماوەی نۆ رۆژدا، چەندین وانەو ۆرک شۆپ و راهێنان لەوێدا ئەنجامدران. هەروەها لە وڵاتی سربیا لەگەڵ وەفدی یاوەری سەردانی پارتە سیاسییەکانی کردوەو ئاڵۆگۆری ئەزموونی کارکردنیان کردوە، چونکە ئەو وڵاتە هەمان رەوشی کوردستانی هەبووە. لە ٢٠- ٢٠٠٨/٤/٢٥ لەوڵاتی عەممان بەشداری خولێکی راهێنان دەکات و هەروەها بەشداری شاندی بەغداو چەند وڵاتێکی عەرەبی (ئەردەن، فەلەستین، مەغریب، جەزائیر، تونس، لوبنان) دەکات. پێشکەشکردنی وانەیەک لەسەر (توندوتیژی پەروەردەیی). لەنیسانی ساڵی ٢٠١٠ بەشداری لەیەکەم کۆنفرانسی ژنانی هەر چوار

[3] سود لەبەیجی مۆزەخانەو ئەرشیفی پەروەردەی هەولێر وەرگیراوە.

پارچەی کوردستان لە ئامەد کردوە، لەوێدا وتارێک بەناونیشانی (ژن و دیموکراسیەت) پێشکەش دەکات. لە ٢٠١٢/٦/٧ لەگەڵ وەفدێکی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، دەچێتە پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا لەبرۆکسلی بەلجیکا. بەشداری کۆنفرانسی (کوشتارگەی جینۆسایدی دەرسیم ١٩٣٥ - ١٩٣٨) دەکات. لەرێکەوتی ١٩٥٩/٧/١ لەشاری هەولێر لەدایک بووە. لەساڵی ١٩٨٢ بەشی زمانی ئینگلیزی، کۆلێژی ئادابی زانکۆی موسل تەواو دەکات. لە ٢٠١٤ ماستەر لەبەشی بەڕێوەبردن و کارگێری، لەزانکۆی لوبنانی فەرەنسی تەواو دەکات. لەساڵی ١٩٨٣ تاوەکو ٢٠٠٥ مامۆستا بووە. لە ساڵی ٢٠٠٥وە دەبێتە ئەندامی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان، تاوەکو ساڵی ٢٠٠٩. (لاڤە فاروق جەمیل، د.سامان جەلال، ٢٠٢١).

- **کوردستان عەبدوڵڕەحمان عەبدولەتیف (دکتۆرە کوردستان موکریانی):-** سەرەتای چوونە نێو دونیای ئەدەب و رۆژنامەوانی و دەستکردن بەنووسین و شیعر بۆ ساڵی ١٩٧٧ دەگەڕێتەوە. بەرهەم و چاپکراوەکانی:- فەرهەنگی رووسی – کوردی، هاوبەش، مۆسکۆ ١٩٧٧. ئافرەت لە هۆنراوەی کوردیدا، لەلایەن یەکێتی ئافرەتانی عیراق بەهاوکاری لەگەڵ زانکۆی سلێمانی بڵاوکرایەوە، ١٩٧٨. هۆندراوەی ئافرەتانی کورد، ١٩٨٠. رێزمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بەشی زمانی کوردی سەر بە زانکۆکانی عیراق، هاوبەش لەگەڵ دکتۆر نەسرین فەخری، ١٩٨٢. ک. ک. کوردۆیێڤ، رێزمانی کوردی (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی)، وەرگێرانی لە رووسییەوە، ١٩٨٤. بیست چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی، ١٩٨٤. سینتاکسی رستەی سادە لە زمانی کوردی دا، ١٩٨٦. زارە کوردییەکان، بە هاوبەشی: د. کامل بەسیر، سادق بەهائەدین و حەمەمین هەورامانی،١٩٨٧. کەشکۆڵی گیو، دانانی گیوی موکریانی، بەرگی یەکەم. پیتی (ڕ)، پێداچوونەوەو ئامادەکردن، ١٩٨٦. کەشکۆڵی گیو، دانانی گیو موکریانی، بەرگی دووەم، ١٩٨٨. قواعد اللغە الکوردیە. بغداد، ١٩٨٩. ڕەنگدانەوەی دۆزی ژن بەنێوی ژنەوە لەنێو رۆژنامەگەری کوردیدا (١٨٩٨ - ١٩٧٠) ١٩٩٥. تیشکێک لەسەر زمانی دانیشتوانی کۆنی کوردستان (زمانانی خووری و ئورارتوو)،١٩٩٥. زنجیرە کتێبی گۆڤاری کاروان، ١٩٩٩. سینتاکسی رستەی کوردی، ١٩٩٧. ژنی کورد بە ستەم دەورە دراوە، ١٩٩٨. نا بۆ شوێن کەوتوویی، ١٩٩٩. چەند بابەتێک لەسەر رێبازی خوێندنی سەرەتایی لە هۆڵەندا، ١٩٩٩. گۆڤاری رووناکی ٢٠٠١. گۆڤاری زاری کرمانجی، ٢٠٠٢. گیوی موکریانی، ناوی کچ و کوڕانی کوردی، ئامادەکردن و پێداچوونەوە، ٢٠٠٢. کۆنگرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی نەمر بەهاوکاری مومتاز حەیدەری و د. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوێس، بەشی یەکەم و دووەم، ٢٠٠٣. گوڵزارێکی وشە لە یادی سەد ساڵەی بارزانی نەمر بەهاوکاری مومتاز حەیدەری و د. دلێر حەقی شاوێس، ٢٠٠٣. دەنگی ژنی هۆڵەندی لە نێو چاپەمەنییەکاندا، ئامادەکردن و وەرگێران، ٢٠٠٤. سنتاکسی رستەی تێکەڵ، ٢٠٠٤. د. زەرێ یوسوپۆڤا، شێوەی سلێمانی زمانی کوردی، وەرگێرانی لە زمانی رووسییەوە، ٢٠٠٥. فەرهەنگی گەورەی من، وەرگێرانی لە زمانی هۆڵەندییەوە، ٢٠٠٦. یەکەم فەرهەنگی تۆ، وەرگێرانی لە زمانی هۆڵەندییەوە، ٢٠٠٧. فەرهەنگی هەراشان، کۆکردنەوە و داڕشتنی کۆمەڵێک مامۆستا، ٢٠٠٧. باری سیاسی ئافرەتی کورد لە باشووری کوردستان، سەردەمانی زمانی کوردی: کۆمەڵە زمانانی ئێرانی، ٢٠٠٨. پەیڤەکانی شاووشکا، کۆبەرهەمی ژمارە: (1)، ٢٠١. دوا نامەی گیو بۆ کوڕی زانیاری کورد، ٢٠١٣. دکتۆرە کوردستان موکریانی (کوردستان عەبدوڵڕەحمان عەبدولەتیف) لە ساڵی ١٩٤٨ لەشاری هەولێر لەدایک بووە. ٢٥ ساڵ لە قوتابخانەکانی (رووناکی کچان، ئەیوبیە، ناوەندی هەولێر) و چەندین قوتابخانەی تر خزمەتی مامۆستایەتی هەیە، هەروەها لەزانکۆی سلێمانی و زانکۆی سەلاحەددین خزمەتی کردوە. لە دەزگای رۆشنبیری کوردی و کۆڕی زانیاری، خزمەتی زۆری هەبووە. دکتۆرە کوردستان موکریانی، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانستی فیلۆلۆژی کە لەئینستیتۆی رۆژهەڵاتناسی سەر بە ئەکادیمیای سۆڤیەت لە مۆسکۆ وەریگرتووە.

- **صبیحە ئەحمەد مستەفا شوان (صبیحە بارزانی):-** لەساڵی ١٩٦٦ لە مێرگەسوور- بارزان لەدایک بووە. بەکالۆریۆسی لەیاسا تەواو کردوەو هەروەها خاوەن بڕوانامەی ماستەرە. لە ئێستادا لەژیاندا نەماوەو بۆ دواجار ماڵئاوایی کردوە. صبیحە بارزانی، ئەندامی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان بووە. لەکاری ئەندام پەرلەمانیدا، لە لیژنە هەمیشەییەکاندا، ئەندامی لیژنەی کاروباری رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بووە. بەر لەکاری پەرلەمانتاری، ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان بووە. سەرنوسەری گۆڤاری "دەنگی ئافرەت" (١٩٨٦) بووە. گۆڤاری "دەنگی ئافرەت کە لە شوباتی ساڵی ١٩٨٦ دەرچووە، سەرەتا لەلایەن لقی ئاوارەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دەرچووەو خاوەنی ئیمتیازی شیرین ئامێدی بووە، دواتر لەدوای راپەرین بۆتە گۆڤارێکی سیاسی و رۆشنبیری کە لەلایەن لقی هەولێری یەکێتی ئافرەوتانی کوردستان دەردەچوو، بۆ ماوەیەکی زۆر (صبیحە بارزانی) سەرنووسەری بووە. هەر لەم بڵاوکراوەیەدا چەندین قەڵەم و ژنی رۆژنامەنووس دەرکەوتوونە، لەوانە:- نەزیرە بامەڕنی، زەکیە بەرواری، هێرۆ بەرزنجی، سنۆبەر سابیر، چیمەن قادر بەنا. (تەنیا، ٢٠١٣، ل١٧٦-١٧٧).

هەروەها بۆ ماوەی ٣٥ ساڵ، بەبێ پچڕان، چالاکوانێکی بواری ئافرەتـان و داکۆکیکـارێکی دیـاری مافەکـانی ئافرەتـان بـووە، بـۆ ئەو مەبەستە چەندین جار وەک ئافرەتی نمونەیی خەڵات کراوە. خەڵاتەکان لەلایەن:- سـەرۆکی هەرێـم، مەسـعود بـارزانی لەرێکەوتـی ٢٠١٠/١٢/١١ بەمەدالیـای بـارزانی خەڵات کـراوە. لەلایەن سـەرۆکی حکـومەت، نێچیرڤـان بـارزانی، لە رێکەوتـی ٢٠٠٤/٣/٨ بە (خەڵاتـی وەنەوەشە) خەڵات کراوە. لەلایەن شیرین ئامێدی، سـکرتێری یەکێتیـی ئافرەتـانیی کوردسـتان، خەڵات کـراوە. لەلایەن د. کوردسـتان موکریانی، سکرتێری یەکێتیی ئافرەتانیی کوردستان، لەساڵی ٢٠١٠خەڵات کراوە. لەلایەن د. ڤیان سلێمان، سکرتێری یەکێتیـی ئافرەتـانی کوردستان، لەساڵی ٢٠١١ خەڵات کراوە.

- **نەسرین خدر مەرجان:-** لەسـاڵی ١٩٧٢ دەسـت بەچـالاکیيە هونەرییەکـانی دەکـات. یەکەم ئـافرەتی کـوردە لەبەشـی شـێوەکاری ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا وەرگیرابێت. لەگەڵ ژمارەیەک لەهونەرمەندانی کـورد لەسـاڵی ١٩٧٢ بەشـداری لەپیشـانگایەک دەکات، کە لەلایەن ئاژانسی دەنگ و باسی عیراق کرابۆوە. ئەم پیشانگایە لەژێر چاودێری سەیدا ساڵح یوسفی بـووە. لەسـاڵی ١٩٧٣ هەر لەبەغدا بەشداری پێشانگایەکی هاوبەش دەکات. پێشکەشـکاری بەرنـامەی (جیهـانی هـونەر) بـووە، کە بەرنـامەیەکی هـونەری بووە، هەفتانە لەرادیۆی کوردی لەبەغدا پێشکەشکراوە. هەر لەو رادیۆیەدا مـاوەیەک بێـژەر بـووە. لەگەڵ تیپـی هـونەری هەولێـر، وەک نواندن بەشداری لەکۆمەڵێک بەرهەمی هونەری و شانۆگەری کردوە، لەوانە (چڵپاو گێچ). دوای ساڵی ١٩٧٤ لەهەولێر لەخانەی مامۆستایان، دەبێتە مامۆستای هونەر. لە قوتابخانەی ئەیـوبیە لەسـاڵی ١٩٧٦ پیشـانگایەکی تـایبەتی کـردۆتەوە. لەسـاڵی ١٩٨٢ لەگەڵ ژمارەیەک لەهونەرمەندانی هەولێر بەشداری لەپیشانگایەکی هاوبەش دەکـات. لەسـاڵی ١٩٨٣ هاوسـەرگیری دەکـات و بەهـۆی ئەو هاوسەرگیریە دەچێتە شاری دهـۆک و لەوێـدا بەشـداری چەنـدین پیشـانگای هـونەری دەکـات، بەتـایبەتی لەگەڵ بەرێـوەبەرایەتی چـالاکی قوتابخانەکـان. لەسـاڵی ١٩٩٠ لەژمـارەیەک لە قوتابخانەکـانی دهـۆک وەک مامۆسـتای هـونەری وانەی وتـۆتەوەو چەنـدین بەهەرەمەند لەسەر دەستی ئەو پێگەیشتوون. لەبەشی شێوەکاری پەیمانگای هونەرە جوانەکانی دهۆک لەساڵی ٢٠٠٢ دەبێتە مامۆستا. لەساڵی ٢٠٠٤ پیشانگایەکی تایبەت لەشاری دهـۆک دەکـاتەوە. لەسـاڵی ٢٠٠٦ لەهەولێـر وەک مامۆسـتا دەسـت بەکاردەبێـت و سـاڵانە بەشداری لەچالاکییە هونەرییەکانی بەرێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکان دەکـات. نەسریـن خـدر مەرجـان، لەسـاڵی ١٩٤٧ لەشـاری هەولێر لەدایک بووە. خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسە، کە بەشی شێوەکاری ئەکادیمیای هونەرە جوانەکـانی بەغـدای لە سـاڵی ١٩٧٠ تەواو کردوە. لەساڵی ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩ لەپیشـانگای شـێوەکاری هـونەری مامۆسـتایان لەبەرێـوەبەرایەتی چـالاکی قوتابخانەکـانی هەولێـر بەشداری کارای دەبێت. (مەسعودی مەلا هەمزە، ٢٠١١، ل٤١٤).

- **تامان عەبدوڵلا شاکر**:- تامان شاکر، لە ساڵی ١٩٦٢ لە کۆیە لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامـادەیی لە کـۆیە تەواو کردوە. خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە زمانی کوردی، کە ساڵی ١٩٨٣ بەشی کـوردی لەزانکـۆی سـەڵاحەددین تەواو کـردوە. خـاوەنی بڕوانـامەی دبلـۆمە لەبـواری پەروەردەی منـداڵ. خـاوەنی بڕوانـامەی دبلـۆمە لەبـواری راگەیانـدن کە لە (معهـد البحـوث والدرسات، جامعە الدول العربیە)ی بەدەستهێناوە. پاشان بڕوانامەی ماستەر لەبـواری پەروەردەو راگەیانـدنی ژینگەیـی لە زانکـۆی (عین الشمس) لە قـاهرە تەواو دەکـات. لەسـەرەتای سـاڵی هەشـتاکان لەرێـگەی (ئایشـە گـروگە) دایکـی شـەهید مـحەمەد حەلاق، هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکات، بەرێگەی ناردنی خواردن و دەرمان و پارە بۆ هێزی پێشمەرگەو هەروەها دابەشکردن و بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکانی شۆرش. لەسـاڵی ١٩٨٢ بەشـداری خۆپیشـاندانەکانی خوێنـدکاران و قوتابیـانی زانکـۆی سـەڵاحەددین دەکـات و لەوێـدا بـۆ مـاوەی ٣- ٤ مانـگ لەمەنـزومەی هەولێـر لەگەڵ ژمـارەیەکی زۆر لە خۆپیشـاندەران دەگیرێـت. لەمـاوەی زیندانیکردنیـدا، چەنـدین ئەشـکەنجەو ئـازاری ئێجگـار زۆر دەدرێـت، تـاوەکو دانپیانـان بکـات و نـاوی هـاوڕێ و رێبەرانـی خۆپیشاندانەکان بدرکێنێت، بەڵام جەلادەکان یەک ووشەی لێ نابیستن. تامان شاکر لەرۆژانی بەر لەخۆپیشـاندانەکان، بڵاوکـراوەی زۆر بۆ کۆلێژی کشتوکاڵی قەزای کەلەک و کۆلێژی ئەنـدازیاری و چەنـدین شـوێنی تـر دەبـات. لە ناوەراسـتی هەشـتاکان لەرێـگەی (تۆفیـق حەریـری)[4] هاوکـاری پێشـمەرگەو رێکخسـتنەکانی حزبـی شـیوعی لەنـاو شـار دەکـات، لەرێـگەی کـۆکردنەوەی ئـابوونەو بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکان و دابینکردنی دەرمان بۆ هێزی پێشمەرگە.

لەبواری رۆژنامەوانیدا، لەساڵانی هەشتاکاندا، یەکەم شیعرو یەکەم وتاری لەرۆژنامەی هاوکاری بڵاوبۆتەوە. دواتـر لەبـواری وتـار نووسیندا رۆڵی خۆی دۆزیوەتەوە. لەکۆتایی نەوەدەکـان تـا سـاڵی ٢٠٠٨ لەرۆژنـامەی "میـدیا" گۆشـەی هەفـتانەی هەبـووە. لەسـاڵی ٢٠٠٨ەوە لەرۆژنامەی "رووداو" وەک وتـارنووس، بەردەوام گۆشـەی هەفـتانەی هەبـووە. لەرۆژنـامەی "جەمـاوەر" و "هـاووڵاتی" و

[4] تۆفیق حەریری:- فەرماندەیەکی حزبی شیوعی بوو، لەدەوروبەری شەقلاوە.

چەندین ڕۆژنامەو گۆڤاری تر وتارو نووسینی بڵاوکردۆتەوە. لە ٢٠٠٤- ٢٠٠٥ لەرادیۆی دەنگی میزۆپۆتامیا بێژەرو هەواڵسازو ئامادەکارو پێشکەشکاری بەرنامەی "بەیانی باش" بووە. لەساڵی ٢٠٠٦- ٢٠٠٩ بەرپرسی راگەیاندنی نوسینگەی وەزیری ڕۆشنبیری (فەلەکەدین کاکەیی) بووە. لەو ماوەیەدا لە تەلەفزیۆنی نەورۆز بەرنامەی "شەن"، کەبەرنامەیەکی کۆمەڵایەتی- سیاسی بووە، هەفتانە پێشکەشی کردووە. لەساڵی ٢٠١٠ چەند بەرنامەیەک لەرادیۆی دەنگی کوردستان پێشکەش دەکات. کتێبێکی بەهاوبەشی لەگەڵ محەمەد زاهیر هەیە و چەندین چاوپێکەوتنی لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکان لەگەڵ کراوەو بڵاوبۆتەوە. چالاکوانێکی بواری مافەکانی ژنان بووەو چەندین کۆڕو سیمیناری لەبواری راگەیاندن و مافەکانی ژنان و مافەکانی مرۆڤ، لەناوخۆو دەرەوەی وڵات پێشکەشکردوە.

- **چیمەن ئەحمەد کاوێس ئاغا:-** لەساڵی ١٩٥٣ لە شەقڵاوەی سەر بەپارێزگای هەولێر لەدایک بووە. سەرەتای دەستکردن بەنووسینی شیعرو چوونە نێو جیهانی ئەدەب و ڕۆژنامەوانی بۆ ناوەراستی ساڵانی حەفتاکان دەگەڕێتەوە. خاوەنی بڕوانامەی ناوەندییە. کارنامەی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی:- لە گۆڤاری "هەنگی منداڵان" کاریکردووە، کە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان دەریدەکرد. بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری "کوردناسی"بووە، کە گۆڤارێکی کەلەپووری و ڕۆشنبیری گشتییە، ماڵی کورد بۆ پاراستنی کەلتووری میللی دەریدەکات. بەرهەم و چاپکراوەکانی:- لە کویێ یاری بکەین، چیرۆک، چاپکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٨٨. ئەسپە باڵدارەکە، چیرۆک، چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.

- **د.نەزەند حەمە سەدیق عەبدوڵلا (دکتۆرە نەزەند بەگیخانی):-** ئەدیب ونووسەرو ڕۆژنامەنووس بووە. سەرەتای چوونە نێو جیهانی نووسین و ئەدەب، بۆ ساڵی ١٩٨٩ دەگەڕێتەوە. خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لەزمانی ئینگلیزی، کە ساڵی ١٩٨٧ زانکۆی موسلی تەواو کردوە. هەروەها زمان و شارستانی فەرەنسی/ ڕۆیان، لەفەرەنسا لەساڵی ١٩٨٩- ١٩٩٠ تەواو دەکات و پلەی باڵای بەدەستهێناوە. خاوەنی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرایە لەئەدەبی بەراوردکاری، بەناونیشانی (ئیماژی ژنی کورد لەناو ئەدەبیاتی ئەوروپی سەدەی نۆزدەمدا)، کە لەزانکۆی سۆربۆنی سێیەم لەفەرەنسا لەساڵی ١٩٩٠ - ١٩٩٦ تەواو دەکات. لەبەریتانیا نووسەرو مامۆستای زانکۆی بریستڵ بووە. لە ١٩٨٧ەوە لە دەرەوەی وڵات دەژی. شاعیرێکی ناوداری جیهانییە کە جگە لە کوردی بە ئینگلیزی و فەڕەنسی دەنووسێت. بە کوردی شەش دیوانی شیعری و بە ئینگلیزی و فەڕەنسی سێ دیوانی هەیە. بەرهەمەکانی:- دیوانی (دوێنێ سبەینێ)، شیعر، ١٩٩٢. ستایش، شیعر، ٢٠٠٤. ڕەنگی خۆڵ، شیعر، ٢٠٠٤. زەنگوڵی وتن، کۆبەرهەم، ٢٠٠٨. لو لەندومەن، دیێغ، کۆمەڵە شیعر بەزمانی فەرەنسی، بڵاوکراوەکانی ئێدیسیۆن دولەمەندیێ پاریس، ٢٠١٣. دکتۆرە نەزەند، بەزمانی کوردی و ئینگلیزی و فەرەنسی دەنوسێت، خەڵاتی فێمینی شیعری فەڕەنسی بەناوی سیمۆن لاندری وەرگرتووە. د. نەزەند بەگیخانی یەکەمین سەرنووسەری ژن بووە لەناو کوردان و ماوەی پێنج ساڵ سەرنووسەری مانگنامەی لومۆند دیپلۆماتیکی کوردی بوو. خاوەنی چەندین وتار و کتێبی ئەکادیمییە بە زمانی کوردی و ئینگلیزی و فەڕەنسی، هەروەها لەناو میدیای کوردیدا ڕۆڵ و پایەکی تایبەتی هەیە. دوا کتێبی بە زمانی ئینگلیزی لە ساڵی ٢٠١٥ لە لەندەن چاپکراوە و تایبەتە بە (توندوتیژی بە بیانووی پاراستنی شەرەف لە هەرێمی کوردستان و لەناو دیاسپۆرای کوردی لە بەریتانیا) (لەگەڵ هاوکارانی د. جیل و د. هەیگ، دەزگای ئاشگەیت). جگە لە خەڵاتی شیعری فێمینی فەڕەنسی سیمۆن لاندری. د. بەگیخانی چەندین خەڵاتیان پێبەخشیوە، لەوانە خەڵاتی ئێما هەمفریس بۆ چالاکی و خەباتی دژی تاوان بە بیانووی شەرەف (٢٠٠٠). خەڵاتی یەکسانی جێندەری لە کوردستان (٢٠١٥) و خەڵاتی سەید ئیبراهیم بۆ سەرجەم بەرهەمەکانی (٢٠٠٩). نەزەند حەمە سەدیق عەبدوڵلا (د. نەزەند بەگیخانی) لەساڵی ١٩٦٣ لەکۆیە لەدایک بووە. نەزەند بەگیخانی بە هاوکاری هاوکارانی لە زانکۆی بریستڵ و ئەنجوومەنی بەریتانی بۆ توێژینەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بریتیش کاونسڵ، سەرپەرشتی توێژینەوەیەکی نێودەوڵەتی دەربارەی دۆخی ژن لەناو ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان و بەریتانیا، ئەنجام دەدات. (لاڤە فاروق جەمیل، د.سامان جەلال، ٢٠٢١).

- **ئاواز سامان:-** لە شاری هەولێر لە دایک بووە. وەک خۆی دەڵێت:-" دایکم (دایە غوربەت) یەکەم و دوا فێرگەی ژیانم بوو، نەخوێندەوار بوو، بەڵام ئازاو بوێرو کورد پەروەرو ماندوو نەناس بوو، توانی منداڵەکانی بەو پەڕی شانازییەوە گەورە بکات، ئێمە لە ڕێگای چیرۆکەکانی دایە غوربەتەوە ئاشنایەتیمان لە گەڵ کتێب و قەڵەم پەیدا کرد. خۆم و براکانم سودی زۆرمان لە دایکمەوە وەرگرت. بەهۆی (مەوجود سامان)ی برام کە نوسەرو شاعیرو پێشمەرگە بووە، تەواوی خێزانەکەمان لەلایەن ڕژێمی بەعس کەوتنە ژێر گوشاری توندوتیژی و ئەشکەنجەدان و زیندانیکردن، زۆرینەی خێزانەکەم زیندانی کران". هەروەها ئاواز سامان دەڵێت:- "ئەزموونی کاری میدیایی و ڕۆژنامەنووسیم لە دوای ڕاپەرینی ١٩٩١ وەک یەکەم کچی هەولێرو یەکەمین پەیامنێری ڕۆژنامەی

"کوردستانی نوێ" بووم. لە ژمارە (سفر)ەوە دەستمان بەکارکردن کرد. بەدەیان راپۆرت و ریپۆرتاژم لە بوارە جیاوازەکاندا ئامادەکردووە، هەروەها لە دامەزراوەی میدیایی کۆنگرەی نیشتیمانی عیراق لەو رادیۆیە وەک بێژەرو پیشکەشکاری بەرنامە کارم کردووە". جگە لەمانە لە رادیۆی پارتی پارێزگارانی کوردستان کاری کردووەو چەند بەرنامەیەکی رۆشنبیری و ئەدەبی پێشکەشکردووە. هەروەها لەرادیۆ و تەلەفزیۆنی هەرێم وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەو رادیۆیە کاری کردووەو بەرپرسی بەشی پەیامنێران بووە، جگە لە پێشکەشکردنی هەواڵەکان، بەرنامەیەکی ئەدەبی و شیعری رۆژانەی بەناوی ( بەنێو باغی شیعر ) هەبووە. ئاواز سامان لە کەناڵی کوردستان تی ڤی وەک پەیامنێر کاری کردووە، لەو ماوەیەدا چەندین رێپۆرتاژی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری ئەنجامداوە کە زیاتر گرنگیدان بە دونیای کەلتووری و کێشە کۆمەڵایەتییەکان و فەرهەنگی بووە. لە (کوردستان تیڤی) شەوانە بەرنامەیەکی شیعری هەبووە. ئاواز سامان، لەکەناڵەکانی رادیۆدا:- پێشکەشکردنی دەیان بەرنامەی رۆشنبیری و ئەدەبی و گرنگیدان بە بەرهەمی ئەدیب و شاعیرانی کورد هی کلاسیک و نوێخواز . لە رۆژنامەکاندا:- بڵاوکردنەوەی دەیان ووتارو رێپۆرتاژی میدیایی لە کایە جیا جیاکانی رۆژنامەنووسی بەتایبەتی بایەخدان بە هەواڵی شاعیرو ئەدەب دۆستان لە پاشکۆی ئەدەبی رۆژنامەی "کوردستانی نوێ" بەتایبەتی لەکەناڵەکانی تەلەفزیۆن:- بڵاوکردنەوەی راپۆرتی جیاجیا بە چالاکییە رۆشنبیری و ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەکان.

**خولیا حوسێن:-** لە هەشتاکانەوە دەنوسێت. یەکەم شیعری لە گۆڤاری "رابەر"، لەساڵی ١٩٩١ بڵاوبوتەوە. لە ساڵی١٩٩٧ لەگەڵ کۆمەڵێک شاعیری تازە پێگەیشتوو کۆمەڵێک دەقی شیعرییان بڵاوکردەوە، بە ناوی "وەسیەتەکانی هەڵم". هەموو نوسین و شیعرەکانی ٧ تاوەکو ٨ ساڵی یەکەمی نوسینی بەهۆی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەناوچوون. لە ٢٠٠٣ ەوە بەردەوام لە گۆڤار و رۆژنامە و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان شیعرو بابەتی کۆمەڵایەتی و بابەتی وەرگێران بڵاودەکاتەوە. لە گۆڤارەکانی "رامان"، "هەنار"، "یەکێتی نووسەران"، بابەتەکانی بڵاوبوونەتەوە. هەروەها رۆژنامەی "ئاڵای ئازادی" و پاشکۆی ئەدەب و هونەری "کوردستانی نوێ" شیعرەکانیان لە ئامێز گرتووە. خولیا حوسێن یەکەم لینکی تایبەت بە خۆی لە ماڵپەڕی دەنگەکان هەیە و هەروەها لە ماڵپەری ئەمڕۆ لینکی هەیە و بەشێک لە بابەتەکانی پەخش کراون.  لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٠ەوە تاوەکو ئێستا داکۆکیکاری کارای بوارەکانی مافی ژنانە و دژی هەموو توند و تیژییەکانی دژ بە ژنان بووە. لە ساڵی ١٩٩٣ - ١٩٩٨ لە رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانی کوردستان دەبێتە ئەندام. لە رۆژنامەی "یەکسانی" کە زمانحاڵی ئەم رێکخراوەیە، شیعرو بابەتی کۆمەڵایەتی بڵاوکردۆتەوەو ئەندامی دەستەی نوسەرانی رۆژنامەی "یەکسانی" بووە. لە ساڵی ١٩٩٨ کوردستانی جێهێشتووەو لە ١٩٩٩ەوە لەوڵاتی کەنەدا لەگەڵ (ناڵە حەسەن)ی شاعیر بەیەکەوە دەژین و دوو منداڵی بەهرەمەندیان هەیە. لە ساڵی ٢٠٠٩- ٢٠١٠ بڕوانامەی دیبلۆمی لە بواری خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان، لە کۆلیژی شێریدەن لە وڵاتی کەنەدا وەرگرتووە. خولیا حوسێن لە ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی قوشتەپەی گەورە، سەر بە پارێزگای هەولێر لە دایک بووە. بەهۆی نەبوونی قوتابخانە لە گوندەکەیان نەیتوانیووە بچێتە خوێندنگا، بەڵام بە هەوڵی خودی خۆی فێرە خوێندەواری بووە و لەتەمەنی ١٠ ساڵیەوە توانیویەتی بخوێنێتەوەو بنوسێت.

**- شاناز عەبدولرەحمان مەحمود:-** دەستپێکی کاری هونەری ساڵی ١٩٩١، وەکو بێژەر و پێشەکەشکار لەچەندین کەناڵ کاری کردوە. دواتر بۆتە بێژەری (کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس). لەم بەرهەمانە بەشداری کردوە:- شانۆگەری (قەڵای دم دم)، شانۆگەری (دڵدارێکی قرچۆك)، شانۆگەری (کەچەڵ)، شانۆگەری (خانزادی میری سۆران)، شانۆگەری (حیکایەتی شارێك)، شانۆگەری (قوربانی)، فیلمی (چارەنوس)، شانۆگەری (جەمیلە)، فیلمی (قەدەر)، فیلمی (حەسرەت)، درامای (گەمەی خەونە ئازادەکان)، شانۆگەری (هەراسانی شەو)، فیلمی سینەمایی (راوە جنۆکە)، شانۆگەری (بەرەبەیانێکی زوو)، درامای (مەمی ئالان)، زنجیرە درامای (کۆچ)، فیلمی (کۆچ بۆ هەندەران)، کورتە فیلمی (پەنا) ٢٠٠١، شانۆگەری (دەفرێ و نافرێ) ٢٠١٣. هونەرمەند شاناز عەبدولرەحمان مەحمود، لەساڵی ١٩٧٥ لەدایك بووەو دەرچووی قۆناغی ناوەندییە. بەشداری لەنزیکەی بیست شانۆگەری و دراماو فیلمی کوردیدا کردوە.

- **تارا عەبدولرەحمان مەحمود:-** دەرچووی ناوەندییە،ساڵی ١٩٩١ دەستپێکی کاری هونەری بووە. لەساڵی ٢٠٠٢ کاری بێژەری و پێشکەشکاری لە تەلەفزیۆنی هەرێم دەکات و لەچەندین کەناڵی کوردی کاری کردوە. یەکەم شانۆگەری کە بەشداری تیدا کردوە، شانۆگەری (کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف)بووەو رۆڵی (گوڵ خونچە)ی بینیووە، کە رۆڵی سەرەکی شانۆگەریەکە بووە. لەم بەرهەمانە بەشداری کردوە:- درامای (هەڵچوون)، درامای (ژوان)، شانۆگەری (بیری ژمارە 3)- شانۆگەری (شەوێك لە قەرەچووغ)، درامای (گەمەی خەونە ئازادەکان)، شانۆگەری (یۆلیۆس قەیسەر)، شانۆگەری (دڵدارێکی قرچۆك)، شانۆگەری (ئەنفال)، شانۆگەری (سزای تاوانباران)، شانۆگەری (شەوی زەماوەند)، شانۆگەری (کۆتەڵەی ئەحمەد موختار جاف)، فیلمی سینەمایی (ژیان)، شانۆگەری (بەرەبەیانێکی زوو)، درامای (کۆچ بۆ هەندەران)، زنجیرە درامای (رەحمەتی)، شانۆگەری (فێڵەکانی جەمۆ)، زنجیرە درامای

(ئازارەکـانی بـارام)، درامـای (شـارەکەم)، شـانۆگەری (تەلاری مەزنی)، شـانۆگەری (خەج و سـیامەند)، شـانۆگەری (هەمومـان چاوەڕوانین).

- **تریفە نادر حەمەد (ئاوێزان)**:- لەساڵی ١٩٦٨ لەگەڕەکی ئیسکانی کۆیە لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لەقوتابخانەی زێرینی کچان لەکۆیە تەواو دەکات. لەساڵی ١٩٨٦خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی، لەئامادەیی کۆیەی کچان تەواو دەکات. ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان دەکات، لەساڵی ١٩٨٨پەیمانگای پزیشکی هەولێر تەواو دەکات. لەساڵی ١٩٨٩ لەموسل دادەمەزرێت و ساڵی ١٩٩٠ گواستراوەتەوە بۆ تکریت، تا راپەرین ئینجا هاتۆتەوە هەولێر. ساڵی ١٩٩٢ بەمەبەستی وشیارکردنەوەی گوندەکانی پشدەرو بتوێن و خۆشناوەتی و باڵەکایەتی و دەشتی کۆیە، وەکو تیمی فریاگوزاری و هۆشیاری تەندروستی (گەڕۆک)، لەبەشی راگەیاندنی دەزگای تەندروستی کوردستان کار دەکات. لەدەزگای تەندروستی بەشداری دەیان کۆڕو سیمینارو وۆرک شۆپی کردوەو بڕوانامەی رێکخراوی میدیکۆی ئەڵمانی وەرگرتووە. هەروەها بۆ دەزگای تەندروستی، لەتەلەفزیۆنی گەلی کوردستان و رادیۆی مەڵبەندی سێی هەولێر، رۆژانە بەرنامەی تەندروستی ئامادەو پێشکەشکردوە. هەر لەساڵی ١٩٩٢ وەک کادیرو پێشکەشکارو ئامادەکار لەرادیۆی مەڵبەندی سێی یەکێتی کاریکردوەو رۆژانە وتاری سیاسی و فەرهەنگی پێشکەشکردوە. لە رادیۆ لێپرسراوی بێژەرەکان بووە. هەروەها دەیان بەرنامەی تایبەتی لەبۆنەکاندا لەرادیۆ ئامادەو پێشکەشکردوە. لەرادیۆ ئامادەکارو پێشکەشکاری چەندین بەرنامەی سیاسی و فەرهەنگی بووە. لەدوای ساڵی ١٩٩٧ لە تەلەفزیۆنی کۆیەو رادیۆی مەڵبەندی سێ لەکۆیە کاری کردوەو خاوەنی بەرنامەی سیاسی و تەندروستی و فەرهەنگی بووە.

- **بەهار مەلا گچکە عەبدوڵڵا موفتی:-** ساڵی ١٩٩١ دەستپێکی کاری شانۆگەری بووە. لەم بەرهەمانە بەشداری کردوە:- شانۆگەری (رەشەبا) ١٩٩١ هەولێر، شانۆگەری (مێرگی مەرگ) ١٩٩٢شەقڵاوە، شانۆگەری (لەیادی 22 شەهیدی شارەکەم) ١٩٩٢ شەقڵاوە، شانۆگەری (راپەڕین) ١٩٩٣ شەقڵاوە. بەهار مەلا گچکە عەبدوڵڵا موفتی، دەرچووی بەشی راگەیاندن - هەولێر ٢٠٠١، ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان و جیهانە. ١٤ ساڵ ئەزموونی کاری رۆژنامەوانی و راگەیاندنی هەیە. لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە تا ئێستا لە وڵاتی سوید دەژیت. سکرتێری کۆمەڵەی کوردستان و ئەندامی دەستەی کارگێری رێکخراوی هاریکاری کۆمەڵە بیانییەکانە لە سوید.

- **کەلسوم وسو وسو (کەلسوم شوان):-** لەساڵی ١٩٧٥ لەچۆمان - گەڵالەی سەر بەپارێزگای هەولێر لەدایک بووە. لەبواری خوێندن دەرچووی قوناغی ناوەندیە. لەساڵی ١٩٩٣ دێتە نێو بواری رۆژنامەوانی و کاری راگەیاندن، سەرەتا لەرادیۆی لقی ١٠ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەست بەکاری راگەیاندن دەکات و پاشان دەچێتە کەناڵی ناوخۆی تەلەفزیۆنی کوردستان. لەرادیۆی دەزگای زاری کرمانجی وەک پێشکەشکارو بێژەر کاری کردوەو هاوکات بابەت و رێپۆرتاژی بۆ گۆڤاری "کووار" نووسیوەو ئامادەی کردوە، گۆڤاری "کووار"، کە لەلایەن دەزگای زاری کرمانجی دەردەچوو. لەساڵی ١٩٩٣ەوە وەک بێژەری هەموو ئاهەنگ و بۆنەکانی سنوری سۆران و چۆمان و رەواندوزو مێرگەسوورو تەنانەت لەناو هەولێردا، رۆڵی دیاری هەبووە. لەساڵی ١٩٩٣ەوە وەک یەکەمین ئافرەت لە لقی ١٠ی پارتی دیموکراتی کوردستان دادەمەزرێت و دواتر دەبێتە ئەندام مەکتەبی راگەیاندن و پاشان ئەندام مەکتەبی رێکخستن. بەشداری چەندین خولی لەبواری راگەیاندن و رۆژنامەنووسیدا کردوە. لەبواری کاری ریکلامدا لەهەردوو کەرتی تایبەت و گشتیدا کاریکردوە.

- **شیلان مستەفا رەسوڵ مەحمود:-** ساڵی ١٩٩٣ وەك یەکەم بێژەری کچ لە کەناڵی هەولێری تەلەفزیۆنی ئازادی کاری کردوە. لە رادیۆی هەرێم وەك پێشکەشکار اریکردوە. لەچەندین کاری دۆبلاژی زنجیرە تەلەفزیۆنەکان بەشداری کردوە. کاری وەرگێڕانی لە زمانی عەرەبی یەوە کردوە. بۆ ماوەی دوو ساڵ یاریزانی تایکواندۆ بووە. لەساڵی ٢٠٠٠ وەک خۆبەخش لە کۆمیتەی خاچی سووری نێودەوڵەتی تا ساڵی ٢٠٠٥ کاریکردوە. وەک نواندن خاوەنی چەندین شانۆگەری و فلم و درامای کوردیە. لەم بەرهەمانە بەشداری کردوە:- شانۆگەری (هیوا دەنگی هەقە) ١٩٩٤، شانۆگەری (پیلان) ١٩٩٥، شانۆگەری (گوریس) ١٩٩٧، شانۆگەری (ئۆتیللۆ دەگەڕێتەوە) ١٩٩٧، درامای (هەڵگەڕانەوە) ١٩٩٨، شانۆگەری (سێ کاف) ٢٠٠٠، شانۆگەری (راوچی) ٢٠٠٠، زنجیرە درامای (گرێ) ٢٠٠١، شانۆگەری (سزا) ٢٠٠٢، زنجیرە درامای (خەندەی گورگ) ٢٠٠٣، شانۆگەری (دڵدارێکی قرچۆك) ٢٠٠٤، زنجیرە درامای (بیری ژمارە 3)، کورتە فیلمی (دواخەندە)، کورتە فیلمی (کاوەی ژیر)، شانۆگەری (رووەو تیشك)، شانۆگەری (خانزادی میری سۆران)، درامای (شەوچەرە) ٢٠٠٥، درامای (سەلیم بەگ)، فیلمی (فرمێسکەکانی بێخاڵ) ٢٠٠٥، بەبۆنەی رۆژی جیهانی شانۆ ساڵی ٢٠٠٦، بەشداری شانۆگەری (مافەکانمان)ی کردوە، زنجیرە درامای (خەندەی گورگ)، زنجیرە درامای (رەحمەتی)، شانۆگەری (ماڵی برناردا ئەلبا)، شانۆگەری (شا

هەر شایە) ٢٠١٠، شانۆگەری (شەوی لەدایك بوون) ٢٠١١، شانۆگەری (چایخانەی عەبۆ) ٢٠١٢، شانۆگەری (بۆیاخچییەكان یادگاریان نیە) ٢٠١٣، شانۆگەری (شورەی چین) ٢٠١٣، پانۆرامای (نامەیەك بۆ پێشمەرگە) ٢٠١٥. شیلان مستەفا رەسوڵ مەحمود، لە ساڵی ١٩٧٧ لە هەولێر لە دایك بووە. دەرچووی بەشی عەرەبی-كۆلیژی ئادابی زانكۆی سەلاحەددینە.

- **ئۆسكار ئیسماعیل حەوێز:-** وەك بێژەرو پێشكەشكار چەند ساڵێك ئەزموونی كاری راگەیاندنی هەیە. یەكەم كاری هونەری بۆ ساڵی ١٩٩٨ دەگەڕێتەوە. وەک نواندن بەشداری نزیكەی بیست بەرهەمی شانۆیی كردوە. وەک بێژەرو پێشكەشكار كاریكردوە. لەم بەرهەمانە بەشداری كردوە:- شانۆگەری (گۆرانیەك لە باوەشی تاریكیدا) ١٩٩٨، شانۆگەری (هێما سەرەتاكانی دۆزەخ)، شانۆگەری (چۆلەكەیەك لەتاو ئازارەكانی سەما دەكا) ، شانۆگەری (پەنجەرەیەك بۆ من بەسە)، شانۆگەری (چیرۆكی پیاوێكی ساكار)، شانۆگەری (بەرد، مەرگ، ناموس)، شانۆگەری (گۆرانی تەنیایی)، شانۆگەری (درۆكانی هنری عاشق)، شانۆگەری (شەمەندەفەر)، شانۆگەری (ئۆدیب پاشا)، شانۆگەری (هاوڕێیەتی دڕندەكان)، شانۆگەری (پێكرانی هوزار)، شانۆگەری (هەستە مردوەكان)، شانۆگەری (ساتێك ئارام بەوە)، شانۆگەری (پەپولە باڵ شكاوەكە)، شانۆگەری (لە بەندیخانەكاندا) نواندن و دەرهێنان، شانۆگەری (كارەكەرەكان) ئامادەكردن و دەرهێنان. ئۆسكار ئیسماعیل حەوێز، لە ساڵی ١٩٧٧ لە دایك بووە. دبلۆم لە پەیمانگای هونەرە جوانەكانی هەولێر بەدەست دەهێنێت. بڕوانامەی بەكالۆریۆسی لە بەشی شانۆی كۆلیژی هونەرە جوانەكان بەدەستهێناوە. ئێستا مامۆستایە لەبەشی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەكانی هەولێر.

- **لاولاو ئیسماعیل قادر:-** لەشاری هەولێر لەدایک بووە. لەساڵی ١٩٩٥ - ١٩٩٦ بەشی زمانی كوردی لە پەیمانگای مامۆستایانی مەڵبەندی هەولێر تەواو دەكات. لەساڵی ١٩٩٢ دەبێتە بێژەرو ئامادەكار لەبەرنامەیەكی هەفتانەی رادیۆی مەڵبەندی سێی هەولێری یەكێتیی نیشتیمانیی كوردستان، هەر لەم رادیۆیە زۆرجار لە پێشكەشكردنی هەواڵەكان هاوكاریان بووە. پاشان لەبەشی ئەرشیف و دواتر لەبەشی دۆبلاژی تەلەفزیۆنی گەلی كوردستان كار دەكات و بەرنامەیەكی تەندروستی بەدەنگی لاولاو ئیسماعیل هەفتانە دۆبلاژ دەكرێت و بڵاودەكرێتەوە. هەروەها ریكلامەكان لەتەلەفزیۆنی گەلی كوردستان بەدەنگی خۆی بووەو لە بۆنەو یادەكاندا وەک پێشكەشكار رۆڵی دیاری هەبووە. میدیاكارێكی چالاک و بەتوانای سەرەتای نەوەتەكان بووە. لە كوردستان و لەدەرەوەی وڵات درێژە بەكاری میدیایی دەدات. لاولاو خان وەک ژنێكی چالاک بەشداری دەیان كۆڕو سمینارو چالاكی، لەناوەوەو دەرەوەی وڵات كردوە. تا ئێستا كەم تا زۆر لەكاری میدیایی دانەبڕاوە. دوای ئەوەی بەرەو هاندەران دەچێت و لەوڵاتی ئەلمانیا نیشتەجێ دەبێت، لە رادیۆیەكی ئەلمانی چەپەكان، بەشی دەنگی كوردان، سەعات و نیوێک هەفتانە وەک ئامادەكارو پێشكەشكارو مۆنتێر، بۆ ماوەی چوار ساڵ زیاتر كار دەكات. هەر لەم رادیۆیەدا، هەواڵەكانی پێشكەش دەكردو چاوپێكەوتنی لەگەڵ هونەرمەندانی كوردی ناوەوەو دەرەوەی كوردستان ئەنجام دەدا. ئێستا لەوڵاتی ئەلمانیا وەرگێری زمانی ئەلمانی یە بۆ زمانی عەرەبی و كوردی (بادینی، سۆرانی، كرمانجی)، وە بە پێچەوانەوە.

- **قەشەنگ عەبدوڵڵا ساڵح:-** یەكەم بێژەری كەناڵی ئاسمانی كوردسات. ساڵی ١٩٧١ لە دایك بووە. ساڵی ١٩٩٤ پەیمانگای ماموستایانی هەولێرو لەساڵی ٢٠٠٢ بەشی رۆژنامەنووسی لەپەیمانگای تەكنیكی سلێمانی تەواو دەكات. لە ساڵی ١٩٩٢ وەكو بێژەری رادیوی دەنگی مەڵبەندی سێی یەكێتیی نیشتمانی كاری كردوەو پاشان لە تەلەفزیونی گەلی كوردستان كەناڵی هەولێر بەردەوامی بەكارەكەی دەدات. لە ساڵی ١٩٩٧ لە كەناڵی گەلی كوردستان لەسلێمانی كار دەكات و دواتر وەكو یەكەم بێژەری كەناڵی ئاسمانی كوردستان كاری كردوە. لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا دەژی و لەوێدا نێشتەجێیە. جگە لەكاری رۆژنامەوانی، وەكو ئەكتەر بەشداری چەندین دراماو فیلم و شورت فیلمی كردوە، بۆ نموونە فیلمی (زام) نوسین و دەرهێنانی ئازاد كەركوكی و درامای (خەمی چۆلەكەكان) و درامای (خورنەوەزان) لە دەرهێنانی حوسێن مسری. قەشەنگ عەبدوڵلا لە تاراوگە درێژە بەكاری هونەری و رۆژنامەوانی خۆی دەدات. لەچالاكییە مەدەنی و هونەری و رۆژنامەوانییەكانی بەردەوام دەبێت. وەكو ئەكتەر لە سێ شورت فیلم رۆڵی بینیوە، لەگەڵ دەرهێنەر سۆران سۆرانی و دەرهێنەر فاتیمە حوسێنی (كچە دەرهێنەرێكی پاكستانی). لە ئێستادا لە دەستەی بەرێوەبەرایەتی كۆمەڵەی كلتوورو هونەری كوردی ئەندامەو لە لەندەن لەخوێندنگەی چەپكە گوڵ مامۆستایە، كە منداڵانی تاراوگە فێری زمانی شیرینی دایك دەكات.

- **بەیان تاهیرساڵح**:- یەكەم بێژەری هەواڵی عەرەبی یە لەسەر ئاستی تەلەفزیۆنی كوردی. لەدوای ڕاپەڕین و لەگەڵ كردنەوەی تەلەفزیۆنی گەلی كوردستان - كەناڵی هەولێر دەستی بەكاركردن كردوە، كە لەو كەناڵە وەكو یەكەم بێژەری هەواڵی عەرەبی لەسەر ئاستی تەلەفزیۆنی كوردی تا ١٩٩٦ بەردەوام بووە. دواتر لەشاری سلێمانی لەكاری راگەیاندن بەردەوام بووەو لە رۆژنامەی "الأتحاد" بۆتە لێپرسراوی لاپەڕەی (المرأة و الحياة). لەساڵی ٢٠٠٠ لەگەڵ كردنەوەی كەناڵی ئاسمانی كوردسات، بووە بەیەكەم ژنە بێژەری

هەواڵ بەزمانی عەرەبی. لە ٢٠٠٣ وازی لەکاری راگەیاندن هێناوەو گەڕاوەتەوە بۆ زانکۆ، دوای چوار ساڵ توانیوویەتی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەزمانی ئینگلیزی بەپلەی یەکەم بەدەستبهێنێت. دواتر درێژەی بەخوێندنی باڵاداوەو توانیوویەتی بڕوانامەی ماستەر لەڕێگاکانی وانە ووتنەوەی زمانی ئینگلیزی بەدەست بهێنێت.

لە سالی ١٩٦٦ لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لەبەغداد تەواو کردوە. دواتر پەیمانگای تەکنۆلۆجی بەغدای تەواو کردوە. لەساڵی ١٩٨٦ وەکو فەرمانبەر لە زانکۆی سەلاحەددین دامەزراوە. لە ئێستادا لەبەشی میدیا لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی مامۆستایە.

- **خانزاد** سەعدی **عەلی**:- لەساڵی ٢٠١٣ تاوەکو ئێستا لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران سکرتێری بۆردی چاودێری مافەکانی ژنانە. لە ٢٠١٧- ٢٠١٨ بۆوە بە راهێنەری تواناسازی کۆمەڵایەتی، لە رێکخراوی لە ئافرەتەوە بۆ ئافرەتی نێو دەوڵەتی. لە ٢٠٠٩ – ٢٠١٢، شارەزاو راهێنەر لەبواری راگەیاندن و پەیوەندی، لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان. لە ٢٠١٦ – ٢٠١٧ سەرپەرشتیاری پرۆژەی توندوتیژی جێندەری لەکاتی فریاکەوتن – لێژنەی فریاگوزاری نێودەوڵەتی (IRC). لە ١٩٩٥- ١٩٩٩، لەکەناڵی ناوخۆی تەلەفزیۆن و رادیۆو گۆڤاری "هەرێم" بێژەرو پێشکەشکارو نووسەرو وەرگێڕی راپۆرت و پرۆگرام و هەواڵەکان بە زمانی کوردی و عەرەبی بووە. لە ١٩٩٩ - ٢٠٠٦، بێژەرو نووسەرو وەرگێڕی هەواڵەکان بە زمانی کوردی و عەرەبی بووە. هەروەها ئامادەکارو پێشکەشکاری پرۆگرامی سیاسی بووە. لە بەشی رۆشنبیری و هونەری و کۆمەڵایەتی لەگەڵ راپۆرتی جۆراوجۆر لە کەناڵی ئاسمانی کوردستان تی ڤی کاری کردوە. لە نێوان ساڵی ٢٠١٥ - ٢٠١٦ چەندین سیمیناری سەبارەت بەرەوشی ئافرەت لە کوردستان، لە و لاتانی سوید و ئەڵمانیا پێشکەش کردوە. لەساڵی ٢٠١٥ بەشداری لوتکەی ئیستانبول لەبارەی ئافرەت وەک ئەکتەر و سودمەندی چالاکییە مرۆڤایەتییەکان لە تورکیا کردوە. لەساڵی ٢٠١٢ بەشداری خولی پرۆگرامی راهێنانی نێودەوڵەتی، بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان ١٣٢٥ ئافرەت؛ ئاشتی و ئاسایش لە ستۆکهۆڵم- سوید کردوە. بەشداری لە خولی بەدواداچوونی پرۆگرامی راهێنانی نێودەوڵەتی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان 1325 ئافرەت؛ ئاشتی و ئاسایش، لە ئەردەن ٢٠١٣، کردوە. لەساڵی ٢٠١٠ بەشداری کۆنفرانسی زمانی کوردی لە میدیا لە زانکۆی کالیفۆرنیا - وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کردوە. لەساڵی ٢٠١٠ بەشداری لە کۆنفرانسی گلۆباڵ سکووڵ پرۆگرام، لە نیویۆرک - وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کردوە. لەساڵی ٢٠٠٩ بەشداری لە وۆرکشۆپێکی تایبەت بە رووپێوی رواڵ و لاوان لە عەممان- ئەردەن کردوە. لەساڵی ٢٠٠٨ بەشداری لە خولی دانانی پلانی ستراتیژی بۆ وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە قاهیرە- میسر کردوە. لەساڵی ٢٠٠٧ بەشداری لە خولی راهێنانی لاوانی رابەر لە وڵاتی کۆریای باشوور کردوە. لەساڵی ٢٠٠٦ بەشداری لەخولی مەشق و راهێنانی لاوان لە وڵاتی کۆریای باشوور کردوە. لەساڵی ٢٠٠٥ بەشداری لە کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ژنی کورد لە ستۆکهۆڵم- سوید کردوە. لەساڵی ١٩٩٧ و ١٩٩٨ بەشداری لە دەیان خولی تەکنیکی و زمانەوانی و بوارەکانی راگەیاندن لەلایەن تەلەفزیۆنی هەرێم کردوە. لە ساڵی ١٩٩٥ تاوەکو ئێستا دەیان وانە و سیمینار و وۆرکشۆپی پێشکەشکردوە. هەروەها بەڕێوەبردن و بەشداریکردن لە سەدان خولی راهێنان و ۆرکشۆپ، سەبارەت بە مامۆستایان، ئافرەتان، منداڵان، لاوان، میدیا، کاری رێکخراوەیی و کەرتی تایبەت. چالاکوان و بەرگریکار لە بواری جێندەرو مافەکانی ئافرەت، بە بڕوانامەی نێودەوڵەتی رێکخراوی سیدای سویدی. راهێنەر لەبواری کاروباری حکومەت، بە بڕوانامەی نێودەوڵەتی پەیمانگەی بەریتانی بووە. لەبواری جێندەرو مافەکانی ئافرەتان نووسەرو توێژەر بووە. لەساڵی ٢٠١٢ەوە تاوەکو ئێستا ئەندامی تۆڕی پشتگیری ژنانە لە کوردستان. لە ساڵی ٢٠٠٢ەوە تاوەکو ئێستا ئەندامی کارای فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی جیهانە. لەساڵی ٢٠١١ تاوەکو ئێستا ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە. لەساڵی ٢٠٠٢ەوە ئەندامی کارای یەکێتی مامۆستایانی کوردستانە. خانزاد سەعدی عەلی، لە ١٩٧٣/١/١٥ لە شاری هەولێر لەگەڕەکی مستەوفی- تەیراوە لەدایک بووە. لە ١٩٩٠ - ١٩٩٥ بەشی زمانی ئینگلیزی، پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایانی هەولێر تەواو دەکات. لەساڵی ١٩٩٥ وەک مامۆستای سەرەتایی دادەمەزرێت. لە ١٩٩٥- ١٩٩٧ لەبەشی پەیمانگەکان و خوێندنی باڵا لەوەزارەتی پەروەردە، کارمەند بووە. لە ١٩٩٧ - ١٩٩٩، لەکۆمەڵگای شاوەیسی هەولێر مامۆستا بووە. لە ١٩٩٩ - ٢٠٠٠ لە بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر کارمەندی بەشی راگەیاندن بووە. لەساڵی ٢٠٠٠ - ٢٠٠٣ لە قوتابخانەکانی پیرمام مامۆستا بووە. لەساڵی ٢٠٠٣ - ٢٠٠٧ بەشی ئینگلیزی لە زانکۆی سەلاحەددین تەواو دەکات. زمانی ئینگلیزی، عەرەبی، تورکی دەزانێت.

- **ئاشنا مەحمود قادر**:- لەساڵی ١٩٧٠ لەشاری هەولێر لەدایک بووە. خاوەنی بڕوانامەی دبلۆمە لەژمێریاری. سەرەتای کاری میدیایی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩١ کە وەک بێژەر لەرادیۆی دەنگی هەولێر، دەنگی مەڵبەندی سێ ی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان کاری کردوە. لەوکاتەدا هەموو تاکێکی کورد پەرۆش بوون بۆ کەناڵێکی تەلەفزیۆنی یاخود رادیۆیەک، بۆ گوێبیستبوونی هەواڵ و زانیاری و گۆرانی و بەرنامەی کوردی. لەو سەردەمەدا کاری بێژەری زۆر زەحمەت بوو. هیچ ناوەندێکی ئەکادیمی بۆ راگەیاندن و

میدیاو رۆژنامەوانی لە کوردستان نەبووە. هەروەها تەکنیکێکی پێشکەوتووی ئەوتۆ لەوکاتەدا لەهەرێمی کوردستان نەبووە. ماوەی شەش ساڵ بێ دابڕان و بەردەوام لەرادیۆو تەلەفزیۆن کاری کردوە. بێژەری بەرنامەی هەمەجۆرو هەواڵ خوێندنەوەی بەردەوام بووە. لەئێستادا ئاشنا مەحمود قادر، لەوەزارەتی پلاندانان لەحکومەتی هەرێمی کوردستان، بەرێوەبەری ژمێریارییە. (جەمیل و جەلال، ٢٠٢١).

- **د. شیلان یاسین خدر**:- لەساڵی ١٩٩٧ەوە لە ریزی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان کاری کردووەو لە گۆڤاری "خەباتی قوتابیان" دەستی بەبڵاوکردنەوەی بابەت کردوە. هەر لە ١٩٩٧ بەبێ پچڕان درێژە بەخەباتی قوتابیان دەدات و دامەزرێنەری ناوەندی زناک و بەرپرسی پەیوەندییەکان و دەستەی نووسەرانی بڵاوکراوەی "زناک" بووە. ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە و ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتییە. هەروەها ئەندامی رێکخراوی رۆژنامەنووسانی بێسنوورەو لە بنکەی کاوەی رۆشنبیری کوردی ئەندامی فەخریە. لە بەشی راگەیاندنی  یەکێتی گشتی سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان، وەکو راهێنەر کاری لەسەر هۆشیارکردنەوەی ئافرەتە کرێکارەکان کردووە، بەتایبەتی لەرێگەی کردنەوەی خول و ووَرک شۆپ. لە گۆڤاری "هەنگ"ی منداڵان کاری کردووە. چەندین بابەتی لەسەر ئافرەتان و بواری کۆمەڵایەتی لە هەفتەنامەی "گوڵان" و "خەباتی قوتابیان" بڵاوکردۆتەوە. لەساڵی ٢٠٠٤ تاوەکو ئێستا لەرادیۆی دەنگی کوردستان خەریکی کاری رۆژنامەنووسییە. لەبەشی ئافرەتانی رۆژنامەی "ئاسۆ" کاریکردووە. ماوەیەک پەیامنێری هەفتەنامەی "جەماوەر" بووە. لەیادی ١٠٧ ساڵەی رۆژنامەگەری کوردی، وەکو رۆژنامەنووسێکی چالاک لەلایەن یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە دەست نیشانکراوە. لە ٢٠٠٦ لەلایەن بنکەی کاوەی رۆشنبیری کوردی، وەکو کچە رۆژنامەنوسێک خەڵات کراوە. لەمانگی ١١ی ساڵی ٢٠٠٥ تاوەکو مانگی ٨ی ٢٠٠٦ لە تەلەفزیۆنی زاگرۆس لەبەرنامەی ئاریشە پەیامنێر بووەو خزمەتی ئافرەتانی کردووە. ماوەی چوار ساڵ لە تەلەفزیۆنی العراقیە ئامادەکارو پێشکەشکاری بەرنامەی (ئافرەت و کۆمەڵگەی مەدەنی ) بووە. بەشداری  زیاتر لەبیست ووَرک شۆپی ئافرەتان لەهەولێرو سلێمانی کردووە. دووجار لەلایەن رێکخراوی یونسنی بەریتانی بۆ بەشداری راهێنان بانگهێشتی عەممان کراوەو پلەی (راهێنەر)ی پێ بەخشراوە. لەبواری توێژینەوەی کێشەکانی ئافرەتان. وەکو خۆبەخش ماوەی نۆ ساڵە لەرێکخراوی تۆڕی رێکخراوە ناحکومییەکان کاردەکات. لەساڵی ٢٠٠٧ کتێبێکی لەعەرەبی بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێراوە بەناوی (چۆن هاوسەری ژیانت دەست نیشان دەکەی؟ ). داکۆکیکاری بواری کێشەکانی ئافرەتانە و لەگەڵ رێکخراوەکانی ئافرەتان کاریکردوە. کتێبێکی لەژێرناوی (رادیۆ وەک ئامرازێکی پەیوەندی جەماوەری و دەنگی کوردستانی عیراق بەنمونە) چاپ کردوە. وەکو رۆژنامەنووسێکی کچ و داکۆکیکاری بواری مافەکانی ئافرەتان، بۆ ووڵاتی دانیمارک و ووڵاتی یۆنان (دورگەی کریت)، بانگهێشتی کۆنفرانسی نێو دەوڵەتی کراوە. چەندین سیمینارو کۆڕی ئەنجامداوە. لەووڵاتی روسیا (ئێزگەی دەنگی روسیا بەشی کوردی) میوانداری کراوە. لە تورکیا سیمیناری لەسەر رەوشی ئافرەتانی راگەیاندنکار و ئاستەنگ و بەربەستەکانیان ساز کردووە. لە فرانکفۆرت لەلایەن گروپی کوردانی پەناهەندە داوەتکراوەو لەبارەی پێشکەوتنی کوردستان و دەسکەوتی ئافرەتی کورد لەساڵانی حوکمرانی کورد واتا دوای راپەرین، کۆڕی گێڕاوە. چەندین بابەتی لە گۆڤارو رۆژنامەکان بڵاوکردۆتەوە. د. شیلان یاسین خدر، لە ١٩٨٣/٣/١٨ لەشاری هەولێر لەدایک بووە. دەرچووی بەشی راگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی هەولێرە (٢٠٠٣ - ٢٠٠٤). هەروەها بەشی راگەیاندنی کۆلێژی ئاداب لە (٢٠٠٩ - ٢٠١٠) تەواو دەکات. لە( ٢٠١٣ - ٢٠١٤) بڕوانامەی ماستەر لەبواری راگەیاندن لەزانکۆی سەلاحەددین بەدەست دەهێنێت. ئێستا مامۆستای زانکۆی سەلاحەدینە، لەبەشی راگەیاندنی کۆلێژی ئاداب و هەروەها لەبواری میدیا خاوەن بڕوانامەی دکتۆرایە.

- **رۆزا فاتح کەریم:-** لە ساڵی ١٩٩٤ لە شاری هەولێر لە دایک بووە. ئامادەیی بازرگانی کچانی تەواو کردوە. لە ساڵی ٢٠١٤ دەستی بەکاری راگەیاندن  کردوە. دوای ساڵانێک سەرقاڵی خوێندن و بەهرەی وێنەکێشانی لە خۆی دۆزیوەتەوەو توانیویەتی ئەوەی وێنای دەکات، دروستی بکات. لەخێزانێک گەورە بووە کە تەمەنێک لەگەڵ رادیۆ و تیڤی و رۆژنامە ژیاون. باوکی لەنەوەدەکان یەکێک لەپێشکەشکارە دیارەکانی نێو میدیای کوردی بووە. دواتر بووە بە بەڕێوبەری نوسین لە ئێزگەی دەنگی کوردستان. رۆزا فاتح ماوەی ٥ پێنج ساڵ لە رادیۆی (هێلێن) کاری پێشکەشکاری دەکات و بێژەر بووە. تا ئێستا سەدان بەرنامە و چەندین بەرنامەی لە بواری جیاجیادا پێشکەش کردوە . ئەو بەرنامانەی کە هەمیشە حەزی کردووە، بە تایبەت لەسەر پرسی ئافرەت لە کۆمەڵگە و پیرۆزییەکانی ئافرەت، کە وویستوویەتی بەرگوێی خەڵکدا بچرپێنێ و پێیان بگەینێت. خاوەن چەندین سوپاسنامەو خەڵاتی رێزلێنانە، وەک باشترین پێشکەشکار لەماوەی ساڵانی کارکردنیدا. هەروەها بەشداری خولی راگەیاندن و خولی پێگەیاندنی گەنجان و رووبەڕووبونەوەی توندووتیژییەکان بەرامبەر بە ئافرەتان کردوە. کاری نوسینی کردوەو لەدەرهێنەری دەنگ لەرادیۆدا شارەزایی هەیە.

- **ژینۆ حسین اسماعیل:-** لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٦ بۆ یەکەمجار وەک پێشکەشکاری بەرنامەی (ژن - خەبات - ژیان) لە رادیۆی مەڵبەندی سێ ی هەولێری یەکێتیی نیستیمانیی کوردستان دەست بەکار بووە، کە لەلایەن یەکێتی ژنانی کوردستان ئامادە دەکرا. لەساڵی ١٩٩٨ وەک ئامادەکارو پێشکەشکار لەرادیۆی ئاشتی دەست بەکار بووە. لەساڵی ٢٠٠٠ وەك بێژەر لەبەشی هەواڵ و سیاسەت لە تەلەفزیۆنی ئازادی کاری کردوە. لەساڵی ٢٠٠٤وە وەک بێژەر لەبەشی هەواڵ و سیاسەت لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کار دەکات. لەقۆناغەکانی خوێندنیدا بەشداری سەرجەم چالاکییە وەرزشی و هونەرییەکانی قوتابخانەکەی خۆی کردوە. لەساڵی ١٩٨٠ لەشاری هەولێر لەدایک بووە. دەرچووی کۆلێژی زمان بەشی کوردی زانکۆی سەلاحەددینە. ئێستا مامۆستای ئامادەییە لەیەکێک لە قوتابخانەکانی شاری هەولێر.

- **شیفا زکری ئیبراهیم:-** شیفا گەردی، یەکەم کچە رۆژنامەنووسی شەهید. سەرەتا لەرادیۆی زاگرۆس دەبێتە بێژەرو دواتر لەکەناڵی ئاسمانی زاگرۆس وەک بێژەر دەردەکەوێت. ساڵی ٢٠١٤ بەشی راگەیاندن لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین تەواو دەکات. ساڵی ٢٠٠٧ - ٢٠١٠ لەگەڵ کاری رۆژنامەنووسی کاری مامۆستایەتی کردووە. ساڵی ٢٠٠٦ دەستی بە کاری راگەیاندن کردووە. لەگەڵ دامەزراندنی تۆڕی میدیای رووداو وەک ئەستێرەیەکی دیاری شاشەی کەناڵی ئاسمانی رووداو دەرکەوت. دوا پۆستی لەکەناڵی ئاسمانی رووداو، بەرێوەبەری بەشی ئاوتپووتی رووداو بووە. لە سەرەتای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی موسڵ بەرنامەی فۆکەس موسڵی بەشێوەیەکی مەیدانی پێشکەش دەکرد. هەروەها وەک رۆژنامەوانێکی جەنگ لەمیحوەرەکانی شەڕ ئامادە دەبوو و رووماڵی هەواڵ و راپۆرتی شەڕەکانی دەکردو فیجەری ئامادە دەکرد. لە ساڵی ١٩٨٦ لەدایک بووە. لەقوتابخانەی باسرەمەی سەرەتایی تێکەڵاو و قوتابخانەی شادی سەرەتایی لەهەریر خوێندویەتی. قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی لەشارۆچکەی هەریر تەواو دەکات. لەریزەکانی یەکێتی قوتابییانی کوردستان لەشارۆچکەی هەریر رۆڵێکی دیاری هەبووە. بڕوانامەی دبلۆم لەکۆمپیوتەر لەپەیمانگای تەکنیکی هەولێر لە ساڵی ٢٠٠٧ بەدەست دەهێنێت. لەرێکەوتی ٢٠١٧/٢/٢٥ لەوکاتەی دەیەوێت میوانێکی شارەزا بباتە سەر چاڵی خەسفە (کەوا چاڵی مەرگ بوو، داعش بەدەیان کەسی تێدا کوشتبوو)، ئا لەوکاتەدا بەهۆی تەقینەوەی مینێکەوە لەمیحوەری موسل شەهید دەبێت. (چیرۆکی رۆژنامەڤانێکی بوێر، ٢٠١٧، ل٣٣- ٤٥).

- **تاڤگە محمد عەلی (بیتوشی):-** ئەندامی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان بووە. لەکاری ئەندام پەرلەمانیدا، لە لیژنەی پەیوەندییەکان، دۆسیەی رۆشنبیری و لە لیژنەی مافی مرۆڤ لە دۆسیەی منداڵ و دۆسیەی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان بووە. بەر لەکاری ئەندام پەرلەمانی ٢٦ ساڵ مامۆستا بووە. ٦ ساڵ سکرتێری رێکخراوی خوشکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بووە. هەروەها لە دوو خول، ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بووە. دوای کاری ئەندام پەرلەمانی لەبابەتی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و خێزانی و مناڵ بەردەوام بووە. هەروەها تا ئێستا ٢٥ ئەلقەی بەرنامەی رادیۆیی لەرادیۆ پێشکەش کردوە. چەندین کۆڕو سمیناری لەبواری هۆشیاری خێزان و پەروەردەی منداڵ پێشکەش کردوە. مامۆستا تاڤگە، لەساڵی ٢٠١٢ باخچەی منداڵانی ناحکومی بەناوی باخچەی قەیوان لەشاری سلێمانی دادەمەزرێنێت. تاڤگە محمد عەلی (بیتوشی)، لەساڵی ١٩٦٠ لەشاری هەولێر- شەقلاوە لەدایک بووە. خاوەنی بڕوانامەی دبلۆمە. ساڵی ٢٠٠٩ لەپەرلەمانی کوردستان خانەنشین کراوە. (لاڤە فاروق جەمیل، د.سامان جەلال مەولود، ٢٠٢١ ).

- **هاوراز شێخ ئەحمەد (هاوراز خۆشناو):-** لەدامەزرێنەرانی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستانە. لەکاری ئەندام پەرلەمانیدا، جێگری سەرۆکی لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە بووە. ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ بووە. بەر لەکاری ئەندام پەرلەمانی، مامۆستا بووە. ماوەیەك ئەندامی کۆمەڵەی نوسەرانی ئیسلامی کوردستان بووە. لەدەستەی نووسەرانی گۆڤاری "پەیامی راستی" بووە. ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بووە. بۆ ماوەی حەوت ساڵ لێپرسراوی لقی هەولێری یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی بووە. بۆ ماوەیەک بەرپرسی نوسینگەی هەولێری سکرتاریەتی یەکگرتووی خوشکان بووە. بۆ ماوەی خولێک یاریدەدەری سەرۆکی سەرکردایەتی دەڤەری هەولێر بوو. ئێستا راوێژکاری ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامییە. لە بەرهەمەکانی:- کۆمەڵە شیعرێکی بەچاپ گەیاندووە بەناوی غوربەت. کتێبێک لەبواری فیکری ئیسلامی لەمەر باسی ئافرەت. بابەت و نوسینەکانی لەزۆرێک لەرۆژنامە و گۆڤار و سایتەکان بڵاوکراوەتەوە. بەبەردەوام بەرنامەی لەکەناڵەکانی راگەیاندن هەبووە:- لەساڵی ١٩٩٤وە تاوەکو ئێستا وەک (پەیامی خوشکان ١٩٩٤/ پەیامی دڵان ٢٠٠٨/ پرسی ئافرەت ٢٠١٥/ ئیمان لە مەملەکەتی دڵ ٢٠١٦ / گوڵستانی تەمەن ٢٠١٧/ رازە رەمەزانییەکان ٢٠١٧). بەشداری چەندین خولی پێگەیاندنی سەرکردەی کردووە و چەندین بڕوانامەی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی پێ بەخشراوە. هاوڕاز شێخ ئەحمەد (هاوراز خۆشناو)، لە ساڵی ١٩٧٠ لەشارۆچکەی شەقڵاوە سەر بە شاری هەولێر لەدایک دەبێت. ئەندامی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان بووە. خاوەنی بڕوانامەی دبلۆمە لەبواری کۆمەڵایەتییەکان.

- **دەلال صليوە عيسا:-** شيعرو پەخشان و وتاری نووسيوەو لەژمارەيەک لە رۆژنامەو گۆڤارەکان گۆشەی هەبووە، بابەتەکانی زياتر لەو رۆژنامەو گۆڤارانە بڵاوکردۆتەوە "رديا كلدايا"، "عليمونا"، "فالادعلميێ"، "فالا دمرعينا"، "ديانا"، "بانيبال"، "راوێژ"، "پەيامی مامۆستا"، "بيت عنكاوا"، "نوێ"، "ئاينده". تا ئێستا چەندين جار رێزی لێندراوە، لەوانە لەلايەن کۆمەڵەی رۆشنبيری کلدان و يەکێتيی مامۆستايانی کوردستان و چەندين رێکخراو و دامەزراوەی تر. خاتوو دەلال لە ١٩٧٦/١٢/١٥ لە هەرمۆتەی کۆيە لەدايک بووەو لەساڵی ٢٠٠٠ەوە بۆتە مامۆستا. (د.هاوژين صليوە، ٢٠١٣)

- **د. ندى عنتر خال همزە (نەدا مێرگەسۆری):-** ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسيۆنی پارتی ديموکراتی کوردستان، لە خولی سێيەم ساڵانی ٢٠١٤- ٢٠١٨. يەکەمين پارێزەری ئافرەتی سنوورەکەيە، کە لە هەر چوار قەزای (مێرگەسۆر، سۆران، رواندز، چۆمان) کاری پارێزەرايەتی کردووە. يەکەمين کانديدی ئافرەتی هەر چوار قەزای (مێرگەسۆر، سۆران، رواندز، چۆمان)ە، کە بۆ پەرلەمانی عێراق کانديد کراو توانی کورسی پەرلەمانی بە رێژەيەکی بەرچاوی دەنگ بەدەست بهێنێت. لەکاری پەرلەمانتاريدا، ئەندامی لێژنەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بووە. بڕياردەری فراکسيۆنی پارتی ديموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بووە. لەسەر ئاستی بەرز بۆ سەردانکردنی وڵاتان و دانيشتن و گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرۆکايەتی و ئەندامان و لێژنەکانی پەرلەمان و وەزارەت و دامودەزگا حکومی و ناحکومييەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەشداريکردوە. ئەندامی چەندين شاندی پەرلەمانی بووە. بەر لەکاری ئەندام پەرلەمانی، لە کۆلێژی ياسای زانکۆی سۆران لە ٢٠١٣ - ٢٠١٤ مامۆستای ياريدەدەر بووە. لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٦- ٢٠١١ پارێزەر بووە. دکتۆرە نەدا لە ساڵانی ٢٠٠٦ – ٢٠١١ ئەندامی دەستەی نووسينی هەفتەنامەی "زاری کرمانجی" بووە. ئەندامی سەنديکای مافپەروەرانی هەرێمی کوردستان و ئەندامی سەنديکای پارێزەرانی هەرێمی کوردستان و ئەندامی سەنديکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەندامی يەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستانە. ئافرەتێکی بوێرو چالاکوان لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بووە. هەروەها لە ٢٠٠٦ - ٢٠١٢ چالاکوان لە بواری مافی مرۆڤ بووە. نوسەرو شرۆڤەکاری ياسايی و سياسی و خاوەنی چەندين وتارو بابەتی ياسايی، سياسی، کۆمەڵايەتی يە، لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا. دکتۆرە نەدا، سيميناريست و پەناليستی چەندين سيمينارو تەوەری ياسايی، سياسی، کۆمەڵايەتی بووە. خاوەن بڕوانامەی دکتۆرايە لە بواری ياسای دەستوری و ياسای نێودەوڵەتی گشتی. خاوەنی بڕوانامەی ماجستەرە لە ياسای گشتی کە لە زانکۆی دهۆک، فاکڵتی ياسا و کارگێری، سکولی ياسا لە ساڵانی ٢٠١١ - ٢٠١٣ خوێندويەتی و بەدەستيهێناوە. هەروەها بەکالۆريوسی لە ياسا، لە زانکۆی سەلاحەددين، کۆلێژی ياساو رامياری، بەشی ياسا (بەيانيان)، لە ساڵانی ٢٠٠١- ٢٠٠٥ خوێندويەتی و بەدەستهێناوە. لەرێکەوتی ١٩٨٤/١/٧ لەدايک بووە، جگە لە زمانی دايک، زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگليزی دەزانێت.

- **نەجيبە کەريم:-** وەک يەکەمين رۆژنامەنووسی وەرزشی و راگەياندنکار لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و شاری هەولێر کاری کردوە. لەساڵی ١٩٩٥ پەيمانگای مەڵبەندی مامۆستايانی هەولێر تەواو دەکات. لەساڵی ١٩٩٣ دەستی بەکاری رۆژنامەوانی وەرزشی کردوە. بۆ زۆرينەی گۆڤارو رۆژنامەکانی شاری هەولێر، هەروەها بۆ شارەکانی کەرکوك و سلێمانی و دهۆك، کاری پەيامنێری کردوە. زۆرێک لەبابەتە وەرزشييەکانی لەرۆژنامەی "کوردستانی نوێ" بڵاوکردۆتەوە. لەساڵی ١٩٩٤ لە پاشکۆی مۆنديالی "کوردستانی نوێ"، چەندين بابەتی وەرزشی بڵاوکردۆتەوە. لەنێوان ساڵانی (١٩٩٤- ١٩٩٦)، بەرنامەی (جيهانی وەرزشی) لەرادیۆی مەڵبەندی سێ ی يەکێتيی نيشتيمانيی کوردستان، پێشکەش کردوە. لەزۆربەی رۆژنامەو گۆڤارە کوردييەکاندا، هەواڵ و بابەتی وەرزشی بڵاوکردۆتەوە. لە ساڵی ٢٠١٣ بەرپرسی لاپەڕەی وەرزشی گۆڤاری "for you" بووە، کە گۆڤارێکی کۆمەڵايەتی بووەو لەشاری هەولێر دەردەچوو. لەساڵی ٢٠١٢ لەگەڵ ٢٤ رۆژنامەنووس بەشداری خولێکی رۆژنامەنووسی رێکخراوی (NPA)ی نەرويجی کردوە، کە لەسەر ئاستی شاری هەولێر، پلەی يەکەمی بەدەست هێناوە، دواتر وەك رێزلێنانێك، دەرفەتی پێدرا، کە بۆماوەی هەفتەيەك لەنەرويج سەردانی دەزگا راگەياندنەکان بکات. لەساڵی ١٩٧٠ لەشاری هەولێر لەدايک بووە، خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆريۆسە لەبواری ميديا.

- **گەردوون حوسێن ئيسماعيل:-** ساڵی ١٩٩٨ وەک پێشکەشکار لەشاری هەولێر دەچێتە نێو جيهانی ميدياو لەرادیۆدا دەست بەکاردەبێت. لەساڵی ٢٠٠٤ لەتەلەفزيۆنی گەلی کوردستان دەبێتە بێژەرو تا ساڵی ٢٠٠٧ بەردەوام دەبێت. جگە لەکاری بێژەری لەبواری بەرنامەو بەشەکانی تری تەلەفزيۆن کاری کردوە. لەپاڵ کاری ميديايی و بێژەريدا، لە ئامادەيی کەسنەزانی کوڕان تا ساڵی ٢٠١٢مامۆستا بووە. ساڵی ١٩٨٢ لەدايک بووە، دەرچووی کۆلێژی ئاداب بەشی جوگرافيايە. لە ئێستادا لەوڵاتی ئەلمانيا نيشتەجێيە.

- **چۆمان حوسێن ئيسماعيل:-** دەستپێکی کاری راگەياندنی بۆ ساڵی ١٩٩٨ دەگەڕێتەوە، کە بۆ يەکمجار بەرنامەی منداڵان لەرادیۆی ئاشتی پێشکەش دەکات و دواتر بەرنامەی لاوان لەرادیۆی نيشتمان پێشکەش دەکات. هەروەها نوسين و شيعرو بابەت لە

هەفتانامەی "لاوانی پارتیکار" بڵاودەکاتەوە. ئەندامی دەستەی نەوجەوانانی کوردستان بووە. دواهەمین کاری لە بواری راگەیاندندا، لە کەناڵی گەلی کوردستان لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٤ - ٢٠٠٨) بێژەری هەواڵ بووە. وەک ئەکتەر لەفیلمی سینەمایی (کەواتە چاوەڕێ بە)، بەشدار بووەو رۆڵی سەرەکی بینیوە. لە ١٩٨٣/١٠/٣ لە هەولێر لەدایک بووە. خێزاندارەو دەرچووی بەشی زمانی ئینگلیزییەو لە ئێستادا مامۆستایە.

- **بێریڤان ئەنوەر محەمەد غەفور:-** ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە و لە کەناڵی ئاسمانی سپێدە پێشکەشکارە. بەشداری چەندین خول و وۆرک شۆپی تایبەت بەکاری راگەیاندن و پێشکەشکاری کردوە. خاوەنی چەندین بڕوانامەی جیایە لەبواری راگەیاندن و پێشکەشکاری بەرنامەی تەلەفزیۆنی. سەرەتای دەست بەکاربوونی لە کاری راگەیاندن و پێشکەشکاری، بۆ ساڵی ٢٠٠٦ دەگەڕێتەوە، لە تەلەفزیۆنی یەکگرتوو کەناڵی هەولێر کە وەکو پێشکەشکار کاری کردوە. ئەزموونی کارکردنی زیاتر لە ١٠ دە ساڵ لە بواری پێشکەشکاری و راگەیاندن کاری کردوە. ئەو شوێنانەی کاری تێدا کردووە و بەرنامەکانی:- رادیۆی یەکگرتوو، تەلەفزیۆنی یەکگرتوو،کەناڵی ئاسمانی سپێدە، کە لەهەموو ئەو کەناڵانە جەندین بەرنامەی جۆراجۆری تێدا ئامادەو پێشکەش کردوە. خەڵاتی رێزلێنانی لەلایەن سەنتەری ئاسودە وەکو باشترین پێشکەشکاری کچ لەسەر ئاستی کەناڵە لۆکالییەکان بۆ ساڵی ٢٠١١ پێشکەشکراوە. خەڵاتی رێزلێنانی لەلایەن سەنتەری ژیاوە بۆ پێشکەشکاری کچ لەسەر ئاستی کەناڵە ئاسمانییەکان لە ساڵی ٢٠١٧ پێشکەشکراوە. لەساڵی ١٩٨٧ لەشاری هەولێر لەبنەماڵەیەکی ئاین پەروەر لەدایک بووە. ساڵی ٢٠١٣بەشی راگەیاندنی کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین تەواو دەکات. لە ئێستادا لەکاری راگەیاندن و پێشکەشکاری بەرنامەی ئەمڕۆی سپێدەو بەرنامەی لەگەڵ بێریڤان، لە کەناڵی ئاسمانی سپێدە بەردەوامە.

- **نیشتیمان معروف جمیل:-** نیشتیمان بەرزنجی لەساڵی ٢٠٠٥وە تا ئێستا لەبواری راگەیاندن کار دەکات. ئێستا لەمەڵبەندی سێی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بەڕێوەبەری رادیۆی دەنگی هەولێرە. جگە لە کارکردن لە رادیۆی مەڵبەندی سێی هەولێر، ئەزموونی کارکردنی لەبواری راگەیاندن هەبووەو لەگۆڤاری "نەواڵەی نوێ" و رۆژنامەی "دەنگی مەخموور" کاری کردوە، هەروەها لەگۆڤاری "سەنتەری هەڵمەتی قەڵەم " نووسینی هەبووە. بەهرەی نووسینی هەیەو لەبواری ئەدەبدا شیعرو چیرۆک و رۆمانی نووسیوە. هەروەها لەبواری سیاسی و بابەتی هەنووکەیی و هەمەلایەن.و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و بابەتی پەروەردەو خێزان و دیاردە و حاڵەتە کۆمەڵایەتییەکان و بابەتی جۆراو جۆر...هتد، نووسینی هەیە. سەرۆکی رێکخراوی (گوڵ بۆ پرسی ژن)ەو دەیان چالاکی رێکخراوەیی هەیە. چەندین بڕوانامەی لەرێگەی بەشداریکردن لە چەندین خولی جۆراوجۆری بواری راگەیاندن و بازرگانی و رێکخراوەیی مەدەنی و ژنی سەرکردەو کەسایەتی و هەڵبژاردن و...هتد، بەدەستهێناوە. لە ساڵی ١٩٨٠ لەدایک بووە. لە کۆلیژی قەڵا لە هەولێر بڕوانامەی بەدەستهێناوە.

- **پەروا عومەر** مەحمود:- لەساڵی ٢٠١١ لە رادیۆی دەنگی کوردستان دەست بەکار دەبێت و تا ئێستا وەک رۆژنامەوانێکی سەرکەوتوو لە کارەکەی بەردەوامە. وەک چالاکوان و میدیاکارێکی بوێر بەشداری لە چەندین کۆڕو سمینار کردوە. لە رێکەوتی ١٩٩١/٧/١٦ لە شاری هەولێر لەدایک بووە. هەموو قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی بەسەرکەوتوویی تەواو کردوەو دواتر لەساڵانی ٢٠١٠- ٢٠١١ لە بەشی راگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی کارگێری وەردەگیرێت و بەسەرکەوتوویی بڕوانامەی دبلۆم لەراگەیاندن بەدەست دەهێنێت. پاشان لە بەشی راگەیاندنی کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەراگەیاندن بەدەست دەهێنێت و هەر چوار قۆناغ لە یەکەمەکانی بەشەکەی دەبێت. لەبواری راگەیاندن خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە بەشی راگەیاندنی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین. لەئێستادا سەرۆکی بەشی راگەیاندنە لە پەیمانگای نۆبل لەشاری هەولێر. (جەمیل، ٢٠٢١).

- **تریفە سابیر** عومەر:- تریفە نانەکەلی، دەرچووی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی هەولێرو دەرچووی کۆلێژی یاسای زانکۆی سەلاحەددینە. لەساڵی ١٩٩٦ لەپیشەی رۆژنامەنووسی وەرزشی کار دەکات و هەواڵ و بەرهەمەکانی لە رۆژنامەی خەبات بڵاودەکاتەوە. لەساڵی ٢٠٠٠ەوە دەبێتە ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان. ساڵی ٢٠٠٣ دەبێتە ئەندامی نوسینگەی خانمانی لیژنەی ئۆلمپی کوردستان. لەساڵی ١٩٨٧ لەشاری هەولێر لەدایک بووەو تا ئێستا لەکاری راگەیاندنی وەرزسی بەردەوامە. (نانەکەلی، ٢٠١٥، ل٥٦٤).

- **د. دالیا دەشتی دزەیی:-** پسپۆری دەروونناسی، خاوەنی یەکەمین رێکخراوی دەروونی لەهەرێمی کوردستان، بەناوی رێکخراوی خزمەتگوزاری دەروونی، هەروەها یەکەم کەم ئەندامە کە بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتورای لەهەرێمی کوردستان بە دەست هێنابێ. لەساڵی ٢٠٠٤ گوێ بیستی مافی مرۆڤ بووە، لەوکاتەوە بیری لەدامەزراندنی رێکخراوێکی مرۆیی یاخود

بڵێین لەبواری خزمەتگوزاری دەروونی کردەوە. لەنێو ئەو ڕێکخراوەدا، لەگەڵ کۆمەڵێک کەسی خۆبەخش و چالاکووان، دەیان کارو چالاکی لەبواری خزمەتگوزاری ئەنجام دەدات. کۆی هەڵمەت و پرۆژەکانیان لەژێر ناونیشانی (پردی خۆشەویستی) بووە. د.دالیا دەشتی دزەیی، لە ١٩٧٧/٩/٨ لەدایک بووە. دکتورا لە ٢٠١٥ لە دەروونناسی زانستی لە بەشی دەروونزانی (پسپوری دەرونزانی معرفی، لە کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین، لە هەولێر تەواو دەکات. ماستەر لە ٢٠٠٢ لە دەروناسی (پسپۆری تەندروستی دەروونی)، تەواو دەکات. بەکالۆریۆس لە ١٩٩٩ لە پەروەردە و دەروناسی، لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەددین تەواو دەکات. لەبواری کاری حکومیدا، لە ٢٠٠٤ لە وەزارەتی مافی مروڤ دادەمەزرێت و پاشان (٢٠٠٥ - ٢٠١١) دەبێتە بەرێوبەری بەشی لێکۆلینەوەو توێژینەوە لە وەزارەتی مافی مروڤ. لەساڵی ٢٠٠٨وە دەبێتە بەرپرسی بەشی توێژینەوە لە دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان. چالاکییە خۆبەخشەکانی، د.دالیا دزەیی:- دامەزرێنەرو ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی لێژنەی پارالۆمپی کوردستان ٢٠٠٨. دامەزرێنەرو سەرۆکی ڕێکخراوی خزمەتگوزاری دەروونی لە ساڵی ٢٠٠٩، هەر لەو ساڵەدا دەبێتە خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری "هاوبەش"، کە تایبەت بە کەم ئەندامانەو بۆ ماوەی یەک ساڵ لەوێدا کاری کردوە. بە مەبەستی چارەسەری کێشەی خەڵک لە رادیوی زین کە تایبەت بوو بە ڕێکخراوی خاتوو زین لە ساڵی ٢٠٠٨ کاری کردوە. هەروەها بەشداری لە گوڤاری "نوێ" کەتایبەت بوو بە یەکێتیی دیموکراتیی ئافرەتانی کوردستان، وەک پسپۆری دەرونی لەساڵی ٢٠٠٩ بۆ ماوەی یەک ساڵ، بە مەبەستی چارەسەری کێشەی خەڵک لە ڕێگای وەڵامدانەوەی ئەو نامانەی بۆ گۆڤار دەناردرا کاری کردوە. بەشداری لە لیژنەی هەڵبژاردنی لاوی ساڵی کەمئەندامان بۆ ماوەی دوو ساڵ ٢٠٠٨ ، ٢٠٠٩ کردوە. خاوەن کتێبی (پێشیلکاری مافی منداڵ لە کوردستان)ە، کە لەساڵی ٢٠٠٨، لەلایەن وەزارەتی مافی مروڤ چاپکراوە. خەڵاتی ڕێزلێنان لە بواری (ئافرەتی نموونەیی، چالاکوان لە بواری کۆمەڵگای مەدەنی، چالاکوان لە بواری مافی منداڵ، چالاکوان لە بواری کەمئەندامان، کەمئەندامی بەهرەمەند)، لە ساڵانی ٢٠٠٨ - ٢٠١٤، وەردەگرێت، خەڵاتەکان لەلایەن:- وەزارەتی رۆشەنبیری و لاوان، ڕێکخراوی پەرەپێدانی تواناکانی ئافرەت، یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی دۆستایەتی کوردستانی- ژاپۆنی، ڕێکخراوی زاگرۆس بۆ کومەڵگەی مەدەنی، گروپی کەمئەندامانی لاوانی کوردستان، کومەڵەی پەرەپێدان بە تواناکانی لاوانی کەم ئەندامانی کوردستان و زانکۆی سەلاحەددین، ئاژانسی ئەمەریکی بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی، یەکێتیی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، ڕێکخراوی بەهرەمەند بۆ منداڵان و کۆمپانیای ئاسیا سێل، ڕێکخراوی کیمیاباران و ئەنفالکراوانی بالیسان ودەوروبەری، ڕێکخراوی دۆستایەتی کوردستان-کوریا. (لاڤە فاروق جەمیل، د.سامان جەلال، ٢٠٢١).

- **تریفە ئازاد (تریفە بلباس)**:- تریفە بلباس لەساڵی ٢٠١٠ەوە دەست بەکاری رۆژنامەوانی لەبواری وەرزشدا دەکات. لەچەندین رۆژنامەدا بۆ لاپەڕەی وەرزشی کاری پەیامنێری دەکات و چاوپێکەوتن ئەنجام دەدات، بەتایبەتی لەگەڵ وەرزشکاران و راگەیاندکارانی مێینە. تریفە بلباس، لەساڵی ١٩٨٦ لەشاری هەولێر لەدایک بووەو دەرچووی ئامادەییەو تا ئێستا لە بواری وەرزشی کاری راگەیاندکاری دەکات. (نانەکەلی، ٢٠١٥، ل٥٦٥).

- **ژیلوان بەکر تەیفور**:- ژیلا تەیفور، لە قۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەییدا یاری بالەی کردوە، دواتر لەیاری بالەوە رووی لەراگەیاندنی وەرزشی کردوە. بۆ یەکەمجار لە رۆژنامەی "ڕێگای کوردستان"، بابەتی بڵاوکردۆتەوە. پاشان بۆ کاری رۆژنامەنووسیی وەرزشی خۆی تەرخان کردوە. بابەتە وەرزشییەکانی لە رۆژنامەکانی "ڕێگای کوردستان"، "هەرێمی کوردستان"،"کۆڕی تێکۆشان"، "کوردستان راپۆرت") بڵاوکردۆتەوە. ژیلوان بەکر تەیفور (ژیلا تەیفور)، لەساڵی ١٩٩١ لەشاری هەولێر لەدایک بووە. دەرچووی ئامادەییەو تائێستا لەشاری هەولێر کاری راگەیاندنی وەرزشی دەکات. (نانەکەلی، ٢٠١٥، ل٥٦٦).

لەبواری دەزگاو کەناڵە جەماوەرییەکانی وەک تەلەفزیۆنە لۆکاڵییەکان و کەناڵەکانی سەتەلایت و رادیۆکان، لەدواهەمین ئاماری وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەسنووری پارێزگای هەولێر زۆرترین کەناڵی راگەیاندن بوونیان هەیەو رۆژانە پەخش و بڵاودەکرێنەوە. لەهەرێمی کوردستان لەکۆی (٩٦) کەناڵی لۆکاڵی تەلەفزیۆن، (٦٤) کەناڵی لۆکاڵی تەلەفزیۆن لەسنووری پارێزگای هەولێرە. هەروەها لە هەرێمی کوردستان لەکۆی (١٤٥) کەناڵی رادیۆیی، (٦٤) کەناڵی رادیۆیی لەسنوری پارێزگای هەولێرە. هەر لەهەرێمی کوردستان لەکۆی (٣٧) کەناڵی سەتەلایت، (٢٢) کەناڵی سەتەلایت لەسنوری پارێزگای هەولێرە. کە هەموو ئەو کەناڵانە ژمارەیەکی بێ شومار لەکادیرو کارمەندو میدیاکارو رۆژنامەنووس تیایاندا کار دەکات و بەشێکی زۆر لەو ئافرەتانە خەڵکی شاری هەولێرن و ئەوانەی تر لەسنووری شاری هەولێر، لەنێو ژینگەی میدیایدا کار دەکەن. هەروەها چەندین ژن و کچە رۆژنامەنووسی تر لە سنووری پارێزگای هەولێر لەنێو کەناڵەکانی راگەیاندندا کار دەکەن، لەوانە:- ماریا ئەحمەد، چیرۆک نووس و میدیاکار بووە، لە رادیۆی هەرێم و گۆڤاری "شاوشکا" و گۆڤاری "کاروان" کاری کردوە. تارا جبرائیل لە رادیۆی دەنگی کوردستان

میدیاکارو پێشکەشکارە. هەروەها زەینەب جبرائیل لەگۆڤاری "هەرێمی کوردستان" رۆژنامەنووس بووە. لەگەڵ چەندین رۆژنامەنووس و میدیاکاری تر لەنێو کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردی، کاری رۆژنامەنووسی و میدیاکاری دەکەن.

**4: دەرئەنجامەکان:**

لەدەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەدا:-

1- لەم توێژینەوەیەدا، ئەو دەرئەنجامە دەردەکەوێت، کە جیاوازی لەنێوان بەشداری قەڵەمی ژنان و هەبوونی رۆژنامەنووسی ژن لەباشووری کوردستان هەیە. دەرکەوتنی رۆژنامەنووسی ژن لە شاری هەولێر دەگەڕێتەوە سەرەتای ساڵانی پەنجاو رۆژنامەی "هەولێر" (١٩٥٠-١٩٥٣). هەروەها مێژووی درێژخایەنی مافی تاک و ئازادییەکان، کە بە درێژایی مێژووی کورد، نەتەوەو وڵاتێکی داگیرکراو بووە، ئەمانە کاریگەری زۆریان لەسەر دەرکەوتنی هەردوو رەگەز لە میدیای کوردیدا هەبووە، بەتایبەتی رەگەزی مێ و رۆژنامەنووسی ئافرەتی کورد.

2- فەرهەنگی کوردی زیاتر مێژووی ژنە رۆژنامەنووسەکانی کوردی لەباشووری کوردستان بۆ بەشداری قەڵەمی ژنان گەڕاندۆتەوە، رۆژنامەی "ژیان" (١٩٢٦- ١٩٣٨)، بەڵام سەرەتای دەرکەوتنی رۆژنامەنووسی ژن دەگەڕێتەوە لای ئەو ژنە رۆژنامەنووسانەی کەوا لە رۆژنامەی "هەولێر" لەساڵی (١٩٥٠-١٩٥٣) لەشاری هەولێر دەرکەوتوون کە کاری رۆژنامەنووسییان کردوە.

3- کەمی ژمارەی ژن لەشاری هەولێرو باشووری کوردستان، پەیوەندی زۆری بە داب و نەریت و کەلتور هەبووە، هەروەها بوونی زەمەنێکی زۆری میدیاو چاپەمەنی کوردی بە نهێنی و لە شاخەکانی کوردستاندا، ئاستەنگی زۆری بەشداری ژنان لەبواری رۆژنامەنووسی و میدیادا بووە.

4- لەدوای راپەرینی ساڵی ١٩٩١ هەرێمی کوردستان گەشەیەکی زۆری لەبواری میدیا بەخۆیەوە بینیووە، هەولێر بوو بەسەنتەری بازرگانی و پایتەخت، بەژمارە کەناڵەکانی میدیا لە هەولێر زیاتر دەرکەوتن و ژمارەیەکی زۆری رۆژنامەنووسان بەهەردوو رەگەزەوە کاریان لەمیدیا دەکرد، رێژەیەکی دیارو بەرچاو لەژنانی رۆژنامەنووس لەشاری هەولێر لەنێو کەناڵەکانی میدیا دەرکەوتن، ئەگەرچی رێژەیەک لەو ژمارەیە، خەڵکی شارەکانی تری هەرێمی کوردستان و پارچەکانی تری کوردستانن.

5- بەشداری قەڵەمی ژن لەگەڵ رۆژنامەنووسی ژن لە باشووری کوردستان لەیەکتر جیایە، چونکە رۆژنامەنووس دەکرێت لەمیدیادا وەک قەڵەم دەرکەوێت، بەڵام قەڵەمی ژنان رەنگە بەشیعر یاخود پەخشان یان بە وتارێک بێت، کەئەمانە ناکەونە نێوخانەی کاری رۆژنامەنووسی.

گەیشتن بەراستکردنەوەیەکی مێژوویی میدیای کوردی، بەتایبەتی لەدەرکەوتنی ژنی رۆژنامەنووس لە باشووری کوردستان، کەوا دەبێتە بەرچاوروونی و رێگاپیشاندانی گۆڕەپانی فەرهەنگ و رۆشنبیری کوردی، کە خوێنەران و رۆشنبیران، بەشێوەیەکی دروست لەراستییە زانستییەکان و هەڵە مێژووییە میدیاییەکان لە دەرئەمجامی ئەو توێژینەویە تێدەگەن.

6- ناوەندە ئەکادیمییەکان و میدیاکاران و رۆژنامەنووسانی هەولێرو باشووری کوردستان، دەگەن بەو راستیانەی، کە دەرکەوتنی ژنی رۆژنامەنووس لەسنووری پارێزگای هەولێر دەگەڕێتەوە نێوان ساڵی (١٩٥٠-١٩٥٣)، کە لێرەوە دەتواندرێت کار بۆ گەشەو بەرەوپێشچوونی میدیاو میدیاکارانی ژن لە سنووری پارێزگای هەولێر بکرێت.

7- لەم توێژینەوەیەدا دەردەکەوێت کە میدیا و بەشداری لەمیدیاو کاری رۆژنامەنووسی، نەوەک بۆ ئافرەت بگرە بۆ رۆژنامەنووسی پیاو کارێکی ئاسان نەبووە، بۆیە بۆ ئافرەتان، پیشەیەکی قورس و پڕ لەهەورازو نشێو بووە، هەر بۆیە بەژمارە کەم دەرکەوتوون یاخود بەناوی خوازراو لەنێو میدیای کوردیدا دەرکەوتوون.

8- زۆرینەی ئەوانەی کاری رۆژنامەنووسیان کردوە، لەگەڵ پیشەو بەهرەیەکی تر کاری رۆژنامەوانیان ئەنجامداوە. یان ئەدیب بوونە یاخود مامۆستا یان خاقەن هەر پیشەیەکی تر بوونە.

9- ژنان هاوشێوەی پیاوەکان، سەرەتا کاریگەری ئەدەبیان بەسەرەوە بووەو زۆرینەیان لەدونیای ئەدەب و هونەرەوە هاتوونەتە نیو جیهانی رۆژنامەنووسی.

10- هەندێک لە ژنە رۆژنامەنووسەکانی هەولێر لەکاری رۆژنامەوانی نەپچڕاون و هەندێکیان بەهۆکاری بوونی پیشەیەکی تر یاخود نیشتەجێ بوون لەدەرەوەی وڵات یاخود بەهۆکاری تەمەن و هاوسەرگیری و چەندین هۆکاری تر وازیان لەکاری رۆژنامەنووسی هێناوە.

**5: پێشنیارو راسپاردەکان**

1- لە دەرئەنجامی ئەو توێژینەوەدا، پێشنیار دەکەم، بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری و لاوانی هەولێر، لەرێگای جۆراو جۆر، دەرگای گفتوگۆ بۆ دەوڵەمەندکردنی مێژووی ژنە میدیاکارەکانی کوردی لەسنووری پارێزگای هەولێر بکاتەوە.

2- پێشنیار دەکەم، لێکۆلینەوە لەو میدیاکارو رۆژنامەنووسانەی سنووری پارێزگای هەولێر بکرێت، کەوا لە شارەکانی تری کوردستان و وڵاتانی دەرەوەی کوردستان، هەبوونەو هەیە.

3- پێشنیار دەکەم، لێکۆلینەوەی وورد لەلایەن لقی هەولێری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، ئەنجام بدرێت، لەبارەی رۆڵی ئێستای ژنانی رۆژنامەنووس لەسنووری پارێزگای هەولێرو ناوچەکانی دەرەوەی پارێزگای هەولێر.

4- هەروەها توێژەر، ئەوە بەدروست دەزانێت، ئەم بابەتە بخرێتە نێو کایە رۆشنبیری و ناوندە میدیایی و ئەکادیمییەکانی هەولێر، تاوەکو زانیاری زیاتر لەو بارەیە دەست بکەوێت و بخرێتەروو.

5- توێژەر، بۆ توێژەرانی بواری میدیا پێشنیار دەکات، کەوا لە هۆکارەکانی تری کەمی رۆژنامەنووسانی ژن لە باشووری کوردستان و شاری هەولێر بکۆلێدرێتەوە، هەم لە پێشترو هەم لە ئێستادا.

**لیستی سەرچاوەکان :**

**بەزمانی کوردی:**

- ئیسماعیل، نەجمەددین عەبدوڵڵا، هەولێر لەنێوان ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٩، لێکۆلینەوەیەکی مێژوویيە لەبارودۆخی سیاسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر،(٢٠١٦).

- ئەحمەد ، کەمال مەزهەر تێگەیشتنی راستی لەرۆژنامەنووسی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری. بەغداد، (١٩٧٨).

- ئەنوەر، عەبدوڵڵا، رۆژنامەوانیی کوردی شاری هەولێر ١٩٣٥-١٩٧٥، چاپخانەی رۆژهەڵات،هەولێر، (٢٠١٢).

- بابۆلی، محمد ، رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند،چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، (٢٠١٣).

- بەدرخان، رەوشەن ، کابان و مامۆستا، گۆڤاری "هاوار"، شام، ژ (٢٧) ، (١٩٤١).

- -----، ژن و بەختیاری، گۆڤاری "هاوار"، شام، ژ (٢٧)، (١٩٤١).

- پیرباڵ، د.فەرهاد، چەند باسێک لەبارەی مێژووی رۆژنامەنووسیی کوردییەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، (٢٠٠٧).

- تۆڕی میدیای رووداو ، چیرۆکی رۆژنامەڤانێکی بوێر، شیفا گەردی، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی، (٢٠١٧)،

- تەنیا، ئیسماعیل ، رابەری رۆژنامەگەریی کوردی، هەولێر، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، (٢٠١٣).

- جەمیل، جەلال، لاڤە فاروق ، د. سامان ، هەولێر، هەولێر، چاپخانەی تاران . (٢٠٢١).

- خەزنەدار، جەمال، ئینسکلۆپیدیای رۆژنامەگەریی کوردی ١٨٩٨ - ٢٠١٥، بەرگی دووەم، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، (٢٠١٨). د. هاوژین صلیوە (٢٠١٣)، مێژووی گوندی هەرمۆتە، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانا، سلێمانی.

- زەنگەنە، عەبدوڵلا، رۆژنامەنووسی ئافرەتی کورد یان کەرەستەی دۆڵمە، گۆڤاری "رۆژنامەڤانی"، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ژ (١٠)، ٢٠٠٣.

- ساڵح، ئازاد عوبێد، کاریگەری شۆرشی ئەیلول لەسەر رۆژنامەوانیی کوردی، هەولێر، چاپخانەی رۆشنبیری هەولێر،(٢٠٠٧).

- سیروان محەمەد حاجی، ژنانی ناوداری کورد، چاپەمەنی گەنج. سلێمانی، (٢٠١٢).

- عەبدولخالق عەلائەدین، کۆیە ... ناودارانی، دەزگای گۆڤار بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. سلێمانی، (٢٠١٤).

- عەقیلە رواندزی، یادو ئافەرین، چاپخانەی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر، (٢٠٠٥).

- فریاد، هیوا، ژن لەرۆژنامەگەری کوردیدا، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، (٢٠١٢).

- فەرهادی، حەمە ساڵح چەند لایەنێکی رۆژنامەنووسی ی کوردی، چاپخانەی الحوادث، بەغداد، (١٩٨٨).

- کاکەسوور، نادیە عومەر، رۆڵی ئافرەتی کورد لەراگەیاندنی کوردیدا، ماستەرنامەیەکە لەبەشی کۆمەڵناسی، کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین، (٢٠٠٤).

- مەسعودی مەلا هەمزە ، بیۆگرافیای هونەرمەندانی هەولێر. بەرگی یەکەم، چاپخانەی روون، هەولێر، (٢٠١١).

- محەمەد، کەمال رەئووف، مێژووی رادیۆی کوردی بەغدا ١٩٣٩-١٩٥٨ ، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، (٢٠١٤).

- مومتاز حەیدەری، هێرش سنجاوی، کاروان قاسم، قاموسی ناوە نەمرەکان، هەولێر، چاپخانەی رۆژهەڵات، (2014)
- موکریانی، د. کوردستان ، چەند بابەتێک لەبارەی زمانی کوردی، هەولێر، چاپخانەی رۆژهەڵات، (٢٠١٩).
- نانەکەلی، زاگرۆس میدیای وەرزشی کوردی، هەولێر، چاپخانەی هێڤی، (٢٠١٥).

**سەرچاوە بەزمانی عەرەبی**

- عەلی ،لانزار جرجیس، صحافة اربیل، بغداد، دار الحریة للطباعة،( ١٩٨٨).

**گۆڤارەکان**

- غەمبار، کەمال، بەراوردێک لەنێوان گیروگرفتەکانی رۆژنامەنووسانی ئافرەتی عەرەب و رۆژنامەنووسانی ئافرەتی کورد، ژمارە (٤)ی گۆڤاری "رۆژنامەڤانی"، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، (٢٠٠١).

**دور الصحفيات في الإعلام الكردي - البحث التاريخي عن "أنثى الصحافية في أربيل"**

**سامان جلال مولود**
قسم الإعلام ، كلية الآداب ، جامعة صلاح الدين ، إقليم كوردستان ، العراق
Saman.mawlood@su.edu.krd

**مُلخص**

إن هذه الدراسة بعنوان (دور النساء الصحفيات في وسائل الإعلام الكوردية ـ دراسة تاريخية عن النساء الصحفيات في محافظة أربيل)، تُسلط الضوء على الجوانب الخفية للأقلام النسوية ودور النسوة العاملات والصحفيات في تاريخ وسائل الإعلام الكوردية ضمن الحدود الإدارية لمحافظة أربيل. حيث إن أحد العوامل هو عدم فصل الأقلام النسوية والنساء الصحفيات في تاريخ وسائل الإعلام الكوردية ، كما لم يتم تسليط الضوء على النساء العاملات في تاريخ وسائل الإعلام الكوردية في أربيل بصورة خاصة.

إن هذه الدراسة هي دراسة تاريخية أستُخدِمت فيها المنهج الوصفي ولهذه الدراسة اهمية للعاملين والعاملات في وسائل الإعلام والمراكز الأكاديمية لوسائل الإعلام، إضافة إلى تصحيح تاريخ وسائل الإعلام والنساء الصحفيات الكورديات ضمن الحدود الإدارية لمحافظة أربيل. ونتيجة لهذه الدراسة نتوصل إلى حقيقة وجود أول إمرأة صحفية في أربيل وإجمالي عدد النسوة الصحفيات والعاملات في وسائل الإعلام في محافظة أربيل، وخاصة منذ ظهور أول مطبوعة كوردية في محافظة أربيل لغاية عام 1991. كما نتوصل إلى حقيقة مفادها إن أول إمرأة صحفية في جنوب كوردستان ظهرت ضمن الحدود الإدارية لمحافظة أربيل .كلمات مفتاحية - المرأة الاعلامية- النساء الصحفيات في اربيل- الاعلام الكوردي في اربيل.

**الكلمات المفتاحية**: - الصحفيات ، الصحفيات في أربيل ، الإعلام الكردي في أربيل.

**The Role of Female Journalists in the Kurdish media – the Historical Research about the Journalist's Female of Erbil**

**Saman Jalal Mawlood**
Media Department, College of Arts, Salahaddin University-Erbil
Saman.mawlood@su.edu.krd

**Abstract**

The research entitled (The role of female journalists in the Kurdish media – the historical research about the journalist's female of Erbil). This research has examined the hidden sides of writer females and the role of female journalists in the Kurdish media history of Erbil. One of the causes was that, doesn't distinguish between female writers and female journalists, also female journalists in Erbil haven't focused particularly. The research is a historical study and has used descriptive methodology. The research is important for journalists and media departments, also to correct the Kurdish media history and the Kurdish female journalists in Erbil. In conclusion, the first female Kurdish journalist appeared in Erbil at the beginning of 1950 in the "Hawler" newspaper.

**Key words**: female journalists, female journalists in Erbil, Kurdish Media in Erbil.